دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهورية »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت
سەرنووسەر : محمد امین محمد

هاوکاری

٤ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

● دووشەممە ٢٦ی حوزەیران ١٩٧٨ ژمارە ٤٣١ ●
● الاثنين ٢٦ حزيران ١٩٧٨ العدد ٤٣١ ●

هێزە ئیمپریالیستی‌یەکانو عونسەرە گومڕاکان جارێك بەشێوەی فرتو فێڵو هاندانو جارێکی تر بە شێوازی پەلامارو زەبروزەنگ هەوڵ دەدەن میلی سەعات لەناوچەکەدا بەرەو دواوە بگێڕنەوە ٠
سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البكر

حاکمی میسر لە سەرکرداری خیانەتکاری خۆی هەربەردەوامە

نوێنەری سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر دەگاتە صنعاء

دوێنی ئێوارە نوێنەری سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر ، بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ گەیشتە صنعاء بۆ بەشداری لە ناشتنی تەرمی مقدم احمدالغشمی سەرۆك کۆماری عەرەبی یەمەنی کە ئەمڕۆدەبێت ٠

ئەوەی شایانی باسە بەڕێزنوێنەری سەرۆك بەگەیشتنی بۆ صنعاء رای‌گەیاند کە پرسەنامەی سەرۆکو حکومەتی عیراق دەگەیەنێ بە گەلو حکومەتی یەمەن بەبۆنەی کۆچی‌دوایی الغشمی‌یەوە ٠

ئا٠د٠ع

دەربارەی وتوێژی چەك داماڵین

ئەتەوە یەکگرتوەکان ـ ئا٠د٠ ع : هەندێ سەرچاوەی دیپلۆماسی لە نەتەوەیەکگرتوەکان باسیان کرد کەوا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو یەکیەتی سۆڤیەت پێکەوە بڕۆژەیەکیان بۆ لیژنەی چەك‌داماڵین پێشکەش کردوە ٠

بە گوێرەی ئەو ئەندامانی‌لیژنەکە زیاد دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانێ لەبەن ئەوەئەرکە نوێیانە بێت کە پاش کۆنفرانسی ئەم دواییەی‌چەك داماڵین کە لە نیویۆرك بەسترا هاتنەکایەوە ٠

ئەم سەرچاوانە باسی ئەودەوڵەتانەیان نەکرد کە دەخرێتە لیژنەکەوە ، بەڵکوهەر ئەوەندەیان درکاند کەوا ژمارەی ئەندامانی لیژنەکەلە (٣١) دەوڵەتەوە دەبێتە (٣٦) دەوڵەت ٠ ئەوەی‌شایانی باسە ، لیژنەی چەك داماڵین کە لە بەاری‌ڕیکخستنە سەربەخۆیەو بارەگای لە جنێڤە ، لە ساڵی(٩٥٩)دا دامەزراوەو پاش ساڵی ٩٦١ فەرەنسا بڕیاری‌دا کە موقاتەعەی بکا لە سەر ئەو پەیرەوەی کە لە سەری‌ئەڕواو بەگوێرەی ئەو سەرکایەتی‌ی بەشێوەکەی‌ماوەیەشی لە نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانو یەکیەتی‌سۆڤیەتدا دەکرێ ٠

کۆنگرەی بەرزی وڵاتانی ئەفەریقا

دوێنێ ئەمانەتی گشتی‌جامعەی وڵاتە عەرەبەکان بەرنامەی کاری کونگرەی‌وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە ئەفەریقاییەکانی وەرگرت کەلە ٧ی مانگی داهاتودا لە شاری خرطوم دەبەسترێ هەروەها بەرنامەی کاری کونگرەی بەرزی وڵاتانی ئەفەریقای وەرگرتوەکە لە هەشتی هەمان مانگدا لە سودان دەبەسترێ ٠

بەرنامەکە بریتی‌یە لە کاروباری کیشوەری ئەفەریقاو هەندێ کاروباری تری دەوڵەتان ٠

یاریدەدەری ئەمینداری گشتی جامعەی وڵاتانی عەرەب بۆ کاروباری سیاسی ڕای‌گەیاندوە کە باری ناوچەی عەرەبی‌و مەسەلەی فەلەستین لە پێشەوەی ئەو کارو بارانەوەن کە کونگرەی بەرزی ئەفەریقا باسیان دەکات ٠

هەروەها وتویەتی بەرنامەی کارەکە بریتی دەبێ لە باس‌کردنی لەناوبردنی ئیمپریالیزم لە ئەفەریقاو کێشەی پەنابەرە ئەفەریقاییەکانو ڕاپۆرتی لیژنەی دەیەم دەربارەی یارمەتی وڵاتانی رووبەڕوو لە ئەفەریقاو ڕاپۆرتێکی تر دەربارەی گیروگرفتی نێوان ئەسیوپیاو سۆماڵ ٠

دیسان بەرنامەی کاری کونگرەکە بریتی‌یە لە ڕاپورتی ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفەریقا ٠٠ سەبارەت بە کارەساتە سرۆشتیەکانی کیشوەری ئەفەریقاو هاوکاری عەرەبی‌و ئەفەریقی سەرەرای سەیرکردنی هەندێ پێشنیار وەك دانانی ڕۆژی هاوکاری لەگەڵ گەلی فەلەستین‌و هەڵبژاردنی ئەمینداری نوێی ڕێکخراوەکە ٠

لیژنەی سەرۆکایەتی بەریتانی لە تاران

دوێنێ مارشاڵی ئاسمانی « فیل کامرۆن » سەرۆکی ئەرکانی بەریتانیایی بە سەرۆکایەتی وەفدێکی عسکری گەیشتۆتە تاران بەسەردانێك بۆ ئێران کە چەند ڕۆژێ دەخایەنێ ٠

ناوبراو لەگەڵ غلام رضا ئەزهاری سەرۆك ئەرکانی ئێراندا دەربارەی هاوکاری لە ڕووی عەسکەریەوە لە نێوان هەردوولادا گفتوگو دەکا ٠

وێران بوونی پردێك لە ئەسپانیا

دوێنێ بەهۆی وێران‌بوونی پردێکەوە لەسەر ڕووباری « ئورومیا » لەهەرێمی باسك لە ئەسپانیا شەش کەس مردوون‌وژمارەیەکیش وێبوون ٠

سەرچاوەیەکی ڕۆایەس‌ڕای‌گەیاندوە کە ڕوخانی پردەکە بەهۆی ئەوقەرەباڵغیەوە بووە کە هاتبوون بۆ سەیری گرەوی‌پێشبڕکێی بەلەم لەو ڕووبارەدا ٠

شۆڕشگێڕە سۆماڵی‌یەکان سەر لە نووێ شارێك لە خوارووی ئۆگادینەوە داگیر دەکەن

بەغدا ـ ئا٠ د٠ ع :

پێڕێ شۆڕشگێڕە سۆماڵی‌یەکان ڕایانگەیاند کە شەمەندەفەرێکیان لە سەر ڕێگای ادیس ابابا ـ جیبوتی دوای ڕۆژێك لە چاککردنی هێڵی شەمەندەفەری ئەو ڕێگایە کە بە درێژایی ساڵێك لە بەر شەڕی هەرێمی ئۆگادین لە کار کەوتبوو تێکیان داوە ٠

لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕادیۆی مقادیشۆوە بڵاو کرایەوە شۆڕشگێڕەکان وتیان لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو خۆیان بۆ شەمەندەفەری نێوان شاری ادیسکالاو واینشا کە ١٤٠ سەربازی ئەسیوپی ئەیگواستەوە دانووساندبوو ٠ ئەوەی شایانی باسە پێڕێ شەو شۆڕشگێڕەکان ڕایانگەیاند کە دەستیان بەسەر شارێکی خوارووی ئۆگادینەوە کە ئوردوگایەکی ئەسیوپی تیابوو گرتووە ٠

نوێنەری سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لوبنان

دوێنێ « جیمس جونا »ی نوێنەری دوکتور کورت ڤالدهایم سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکەلن گەیشتە بەیروت بە سەردانێ بۆ لوبنان تا سەر لە هێزی دەوڵەتان بدات ٠ هەروەها لەگەڵ لیژەسراوەکانی لوبناندا کۆدەبێتەوە ٠

ئەمەریکا نرخی دۆلار دادەشکێنێ بۆ ئەوەی وزەی داهاتی گەلان لە بن بێنێ

ابو ظبی ـ ئا٠ د٠ ع :

ڕۆژنامەی الوحدە کە دوێنێ لە ابو ظبی دەرچووە ، ئاڕەزایی بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەتە ڕۆژئاوایی‌یەکان نیشاندا وە بە تایبەتی بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا ، سەبارەت بەو سیاسەتدی کە ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت هەیانە٠

ئەو ڕۆژنامەیە وتی ، سیاسەتی ئەمەریکا مەبەسی ئەوەیە کە دەیەوێ دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت داڕوتێنێ، جا چ لە ڕێی داشکانی نرخی دۆلارەوە بێ یاخود بەوەی کە لە ڕێی هەرزانترین نرخەوە ، لەسەر حیسابی داهاتی گەلان وزە لە بن بێنێ ٠

دوایی هاتنی مانگرتنی کرێکاران لە سودان

دوێنێ کرێکارانی ڕێگای ئاسن لە سودان دواییان بەو مان‌گرتنە هێنا کە لە ڕۆژی بێنج‌شەممەی ڕابوردوەوە دەستیان پێ‌کردبوو ٠

ئەم کرێکارانە کە ژمارەیان زیاترە لە سەد هەزار بە هوی دەستتێوەردانی دەستەڵاتداریەتیەوە لە هەڵبژاردنی نەقابەکەیاندا مانیان گرتبو مان‌گرتنە کەشیان دوای ئەوە دوای پێهێناوە ، بەڵێنیان وەرگرتوە کە چارێ بەزووی بۆ مەسەلەکەیان بدۆزرێتەوە ٠

گفتوگۆی ڕەسمی نێوان عیراق و پۆلۆنیا

بەغدا ـ ئا٠د٠ع :

دوێنێ بەیانی گفتوگۆی ڕەسمی نێوان لایەنی عیراقی بە سەرۆکایەتی دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو لایەنی پۆلۆنی بە سەروکایەتی بەڕێز ایمیل توجاکی وەزیری دەرەوە دەستی پێ کرا ٠

لەم گفتوگۆیەدا ، پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ، بە تایبەتی باری ناوچەی‌عەرەب باس کراو نارەزایی لە سیاسەتی دوژمنانەی زایۆنیزم ئەو خەتەرەی کە بۆ هیمنی‌و سەلامەتی ناوچەکەو هەموو جیهان دروستی دەکا ، دەربڕرا ٠ هەروەها پتەوی پەیوەندیکانی نێوان عیراق‌و ئۆردوگای سۆشیالیست دووپات کرایەوە ٠

هەروەها باسی ئەو دەورەکرا کە بزوتنەوەی بێ لایەنی هەیەتی‌و پیویستی گەشەپێدانی‌و کردنی بە ئامرازێکی باش‌و سوود بەخش نەك تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی لێ دەکەن بەڵکو بۆ هەموو کومەڵگای نێو دەوڵەتان ٠

جگە لەمە ، باسی پەیوەندی‌دو لایەنیەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکە کراو هەردوو لە بارەی باری ئێستای ئەو پەیوەندیانەوە ڕەزامەندی‌خۆیان دەربڕی‌و گرنگی گەشە پێدانیان دووپات کردەوە ٠

لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیانەداوەزیری دەرەوەی پۆلۆنیا دوکتۆر حمادی بۆ سەردانی‌پۆلۆنیا بانگ کردو بانگکردنەکە قەبوول کراو کاتی بەجێهێنانی لەمەودوا دەست نیشان ئەکرێ ٠

لەو گفتوگۆیانەدا ، لە لایەن لایەنی عیراقیەوە بەڕێزان عبدالملك الیاسین وەکیلی وەزارەتی دەرەوە ، وسام الزهاوی سەرۆکی‌دائیرەی دەولی یەکەمو هەندی کاربەدەستی تر ئامادە بوون ،و لە لایەن لایەنی پۆلۆنیاوە ، بەڕێزان هنریك جبرۆفسکی‌بالیۆزی پۆلۆنیا لە بەغداو ریچارد سترزیلکی وەکیلی‌وەزارەتی بارزگانی دەرەوەو ئابووری دەریا ئامادە بوون ٠

بروسکەیەکی سەرەخۆشی‌لە سەرەك وەزیری یەمەنی دیموکراتەوە بۆسەرەك وەزیری کۆماری عەرەبی یەمەن

عدن ـ ئا٠د٠ع :

دوێنێ علی ناصر محمدسەرەك وەزیری کۆماری یەمەنی دیموکرات بروسکەیەکی سەرەخۆشی بۆ عبدالعزیز عبدالغنی سەرەك وەزیری کۆماری عەرەبی یەمەنی ناردووە تیادا بە داخەوەباسی‌هەوانی کوشتنی احمد الغشمی سەرکۆماری عەرەبی یەمەنی کردوە ٠

لە لایەکی ترەوە ڕادیۆی عدن لە بەیاننامەیەکدا کە دوێنێ بەیانی بڵاوی کردەوە ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرانبەر کوشتنی الغشمی‌و ئەو قسانەی ڕەت‌کردەوە کە گوایە یەمەنی دیموکرات دەستی لەو کردەوەیەدا هەیە ٠

هەروەها ، دوێنێ یەمەنی دیموکرات بڕیاری دا بۆ ماوەی هەفتەیەك ماتەمینی ڕەسمی بکرێ بەبۆنەی مردنی مقدم احمد الغشمی سەرۆك کۆماری عەرەبی یەمەنەوە ٠

ڕادیۆی عەدەن ووتی کەوا بڕیاری ماتەمینەکە لە کۆبوونەوەیەکی تاتاسایی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا دەرکرا کە دوێنێ بەسترا‌وەو تیایدا سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجومەن‌و عبدالفتاح اسماعیل ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی سیاسی یەکگرتووی بەرەی نەتەوەیی وعلی ناصر محمدی سەرۆك وەزیر ئامادە بوون ٠

لە لایەکی ترەوە ، علی عبدە عبدالرحمن وەکیلی وەزارەتی دەرەوە دوێنێ نیوەڕۆ بالیۆزە عەرەب‌و بێگانەکانی بانگ کرد بۆ باس کردنی ئەو هەڵوێستەی پاش تاوانبارکردنی یەمەنی دیموکرات لە لایەن کۆماری عەرەبی یەمەنەوە بە ڕێکخستنی کوشتنەکە هاتە کایەوەو ٠٠٠ ووتی کەوا حکومەتەکەی نارەزایی دەرئەبڕێ بەرامبەر ئەو ڕووداوەی کە مقدم الغشمی دووچاری بوو هەروەکو بەر لەوە نارەزایی بەرامبەر بە ڕووداوەکەی سەرۆك حمدی دەربڕی‌و ووتی ئەو هێزانەی سوودیان لەهێمنی ناوچەکەدا نیە ئەوانن کە کار بەرەو شەڕ پاڵ پێوە ئەنین ٠

وەفدێکی سوپایی چینی سەر لە ئیتالیا دەدا

ڕوما ـ ئا٠ د٠ ع :

ئەمڕۆ وەفدێکی سوپایی چینی بە سەردانێکی ڕەسمی کە ١٥ ڕۆژ دەخایەنێ دەگاتە ئیتالیا ٠

وەفدەکە کە فەریقی یەکەم تشانغ ایر بنغ جێگری سەرۆکی ئەرکان سەرۆکایەتی دەکا حەوت ئەفسەری گەورەی لەگەڵدایە ٠

بەردەوامی جموجۆڵی گومانلێکراو ڕاسترەوەکان لە خوارووی لوبناندا

بەیروت ـ ئا٠ د٠ ع :هێزە ڕاسترەوەکان لە خوارووی لوبنان شاری(بیت یامون)یان دایە بەر شەستیر پاش ئەوەی پێڕێ‌شەو دەورەیەکی هێزەکانی (طوارئ) هەوڵیاندا بچنەئەو شارەوە کە دەکەوێتە کەرتی ناوەراستەوە ٠

بەیامنێری ئا٠ د٠ ع لە خوارووی لوبنان ڕایگەیاند کەوا هێزە ڕاسترەوەکان خەریکی دروستکردنی چەپەری بشکنین لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستەڵاتیاندایە بۆ بشکنینی پێناسی ئەوانەی کە بۆ ئاواییەکانیان دەگەڕێنەوە، هەروەها دەڵێ کەوا هێزە ڕاسترەوەکان هەر بەردەوامن لە سەر دەستدرێژی کردن بۆ سەر هاووڵاتیان ٠

بەیامنێرەکە لە زمانی هەندێ ڕێبواری ناوچە سنووریەکانەوە ڕایگەیاند کەوا ئەوان دەیەها ئۆتۆمبیلی پڕ لە چەکو جبەخانەیان دیوە کە لە خاکی داگیرکراوەوە هاتوونو چوونەتە شاری (عین ابل)ەوە بۆ پشتیوانی کردنی ڕاسترەوەکان ٠٠

لە لایەکی ترەوە ، بەیامنێرەکە باسی کرد کەوا بە لەمەکانی زایۆنی دوژمن بە درێژەی کەناری دەریا لە نێوان شارەکانی صورو صیدادا بە ئاوە ئیقلیمیەکاندا دەسوڕانەوەو فڕۆکە جەنگیەکانی بە سەر بەلەمەکاندا هاتو چویان دەکرد٠ هەروەها ڕایگەیاند کەوا ماسی گیرەکان ، نەچوون بۆ کاری خۆیان نەوەك لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە بڕفێنرێن ٠

ڕژێمی پاکستانی نیازی هیچ گۆڕانێکی نیە

فریقی یەکەم ضیاء الحق حاکمی گشتی پاکستانی وتویە ڕژێمی پاکستانی‌هەروەك خۆی دەمێنێ‌و حکومەتی نیشتمانی تێکەڵ لەحزبە سیاسی‌یەکان دروست ناکرێ ٠

ضیاء الحق دوێنێ شەوله تەلفزیونەوە بڵاوی کردەوە کە نیازی ئەوەنیە هەڵبژاردنی گشتی بکرێ یان ڕژێمی بدرێتەوە دەستمەدەنیەکان‌و قەدەغەی چالاکی حزبە سیاسی‌یەکان ٠

هەر بەردەوام دەبێ‌ودیسان بەردەوامیش ڕژێمی عەسکەری ئەندامانی حکومەتی‌پێشو بە گوناهی خراپ بەکارهێنانی دەستەڵاتی پێشویان دەدات بە مەحکەمە ٠

قاهیرە ـ ئا٠د٠ع :

دوێنێ انور السادات‌حاکمی میسر نامەیەکی لە جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکاوە دەربارەی ڕەوتی مەسەلەی سازاندنی نێوان‌ڕژێمی میسرو زایۆنی دوژمن پێگەیشت ، نامەکەش هێرمان ئیلتسی باڵوێزی ئەمەریکا لە قاهیرە لەکاتی چاوپێکەوتنی‌بە سادات بە دەستی گەیاند ٠ لە دوای چاوپێکەوتنەکەداسادات ڕایگەیاند کە هەڵوێستی گشتی بڕیتی‌یە لەوەی کە ئەمەریکا بە هۆی سەرەك کارتەرەوە هەوڵ دەداوتووێژی نێوان ڕژێمی سادات‌و قەوارەی زایۆنی گورج‌وگۆڵ بکا ٠

لە لایەکی ترەوە دوێنێ ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە بەغدا بڵاوی کردەوە کە پێڕێ شەوێ کاربەدەستانی ئەمەریکا دەربان‌خستوە کە والتەر مۆندێلی جێگری سەرکۆماری ئەمەریکا گەشتەکەی خۆی بەرفراونتر کردەوە وتیان بەرفراوان کردنی گەشتەکەشی بەشێکە لەو هەوڵو تەقەلا خەستەی کە ئەمەریکا دەیدا بۆ گورج‌کردنەوەی گفتوگۆی نێوان ڕژێمی سادات‌و زایۆنی دوژمن ٠ هەروەها ئەو کاربەدەستە ئەمەریکایی‌یانە ڕوونیان کردەوە کە مۆندێل دوای سەردانی لە فەلەستین کە ٤ ڕۆژ دەخایەنێ ، سەر لە ئیسکەندەریەش دەداو لەوێ گفتوگۆ لەگەڵ انور السادات دەکا ٠

لە لایەکی ترەوە هەواڵی پێڕێی قاهیرە ڕای‌گەیاند کە محمد ابراهیم کامیلی وەزیری دەرەوەی سادات بڵاوی کردەوە کە لەوانەیە بەو زوانە لە لەندەن لەگەڵ مۆشی دایانی وەزیری دەرەوەی زایۆنی دوژمندا کۆبێتەوە ٠ جگە لەمە پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە ئێستا ڕژێمی میسر خەریکە پڕۆژەیەك بۆ سازاندن لەگەڵ زایۆنی دوژمندا ئامادە دەکاو لە ڕۆژانی داهاتودا دەیدا بە ئەمەریکا ٠ پڕۆژەکەش لە بنەڕەتدا لەسەر پێشنیاری انور السادات حاکمی میسر بنیات نراوە کە تایبەتی‌یە بە گێڕانەوەی بەری ڕۆژئاوای داگیر کراو بۆ ئوردون‌و کەرتی غەزەو میسر ٠

دووبارە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی لە پاریسەوە ڕایگەیاند کە فەریق سعدالدین الشاذلی باڵوێزی پێشووی میسر لە لشبۆنە بڵاوی کردۆتەوە کە ئامادەیە بو قبوڵ‌کردنی هەر جنسیەیەك کە دەخرێتە بەر دەمی ٠ جگە لەمە لە دوانێکیدا بۆ گۆڤاری النهار العربی وتی کە جانتاکانی پێچاوەئەوەو خۆی ئامادە کردوە بۆ بەجێهێشتنی شاری لشبۆنە بەرەو ئەو وڵاتە عەرەبی‌یەی دەیگرێتە خۆی هەروەها سەرەك ئەرکانی پێشووی سوپای میسر وتی ، ڕەخنە گرتنی لە ڕژێمی انور السادات دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی خۆ بەدەستەوەدان‌و ئەو کردارە دیکتاتۆری‌یانەی دژی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی میسرن ٠

لەلایەکی ترەوە ، ئەنجومەنی گەل لەمیسر بڕیاری‌دا نوێنەر ابو العز الحریری لە ئەندامەتی حزبی « التجمع الوحدوی التقدمی » خست لەسەر ڕاپۆرتێك کەوا ناوبراو بە داواکاری گشتی سۆشیالیست پێشکەشی کردبوو الحریری ، تۆمەتی سەرکردەیی کردنی خۆپیشاندانێکی دژ بە ڕژێمی خراپبوە پال کەمانگی پێشوو لە اسکندریە کرابوو ٠

لەم بارەیەوە ، الحریری ڕوونی‌کردەوە کەوا بڕیاری لە ئەندامەتی خستنی ، کردەوەیەکی سەیرە چونکە ئەو خۆی داوای کردبوو فایلی مەسەلەکەی بێنێرێ بۆ دادگا تا بڕیاری لەسەربداو، هەموو ئەو کردارانەی کە دژو بەو کرابوە بە ڕاوەستێنراوەدانا ، هەروەها ووتی ئەو نەهێڵرابو بچێتە ئەو کۆبوونەوە ناڕاسایی‌یەی کۆمیتەی ناوەندی « اتحاد اشتراکی »یەوە کە هەفتەی ڕابردوو بەسترابوو ، وەکو بەشێك لە کردارێکی زۆر بۆ وروژاندنی ٠

عبدالفتاح حسنیش کە ئەندامەو ئەویش بەگوێرەی ئەو یاسایەی‌سادات‌دەری‌کردو ناوی نرا یاسای پاراستنی بەرەی ناوخۆ ، لە ئەندامەتی خراوە ووتی ، تەنها خۆا ناگۆڕێ‌و چەرخو فەلەك لە سوڕانەوەدایەو هیچ شتێك لە جێی خۆی نامێنێ ٠

بالە ئەندامەتی خستنی‌ئەم دوو نوێنەرەوە ، ناوبراو بە ئەنجومەنی گەل لەم دەورەیەی ئێستای‌دا وا چوار ئەندامی لە ئەندامەتی خست ٠٠ ئەو دوانەی تر کمال‌الدین حسینی ئەندامی ئەنجومەنی پێشوی سەرکردایەتی شۆڕش بوو کە نامەیەکی بۆ سەرۆکی میسر ناردو ئۆبالی ئەو شوێنەوارانەی خستە ئەستۆی ئەو کە لە کانوونی دوەمی پاردا لە بارەی زیادکردنی نرخەکانەوە دەرکران ، وشیخ عاشور کە بە هۆی ئەوەوە لە ئەندامەتی خرا چونکە سێ مانگ لەمەوبەر لەناو ئەنجومەندا هاواری‌کرد : بڕۆخێ سادات ٠

لوبنان پێی ناخۆشە بارەگای یارمەتی‌دانی پەنابەرەکان لەو وڵاتە بگوێزرێتەوە

بەیروت ـ ئا٠ د٠ ع :

دوێنێ سلیم الحص سەرەك وەزیری لوبنان بە وەفدێك لە لیژنەی بالای کاروباری فەلەستینی‌یەکان کە لەگەڵیاندا کۆبۆتەوە ڕاگەیاندووە کە دەسەڵاتێتی لوبنان دژی ئەوەیە کە بارەگای یارمەتی‌دانی پەنابەرەکان لە لوبنانەوە بگوازرێتەوە ٠

الحص ڕایگەیاند کە نوێنەری هەمیشەیی لوبنان لە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕاسپێڕاوە کە چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکاتەوە لەگەڵ ئەمانەتی گشتی ڕێکخراوی دەوڵەتان‌و هەوڵبدات بۆ ئەوەی ئەم کردەوەیە نەیەتەدی ٠

کودەتایەك بۆ لەناوبردنی حکومەتی کەمبودیا

بانکۆك ـ ئا٠ د٠ ع :

دوێنێ ڕادیۆی فنوم پنە ئاشکرای کرد کە لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا کودەتایەك بۆ لەناوبردنی حکومەتی کەمبودیا ڕویدابوو بەڵام کودەتایەکە سەری نەگرتبوو ٠

سەرچاوەکە وتی چەند کەسێك لەبەر پەیوەندییان بە کودەتاپەکە گیراون ٠

وەفدێکی پەرلەمانی جاپان لە ئەمریکا

واشنطن ـ ئا٠ د٠ ع :

وەفدێکی پەرلەمانی جاپان لە ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەو وەفدە کە پێکهاتووە لە ٢٤ کەس ئەرکی ئەوە هەیە کە ڕەخنەی ئەمریکا لە سیاسەتی ئابووری جاپان بگرێتە خۆ ٠

ئەو وەفدە کە ئەندامانی هەر دوو ئەنجومەنی پەرلەمانی جاپان‌و نوێنەرانی حزبە سیاسی‌یەکانی تیایە ، ئەمڕۆ ڕۆیشت بۆ ئەمریکا ٠

Institut Kurde de Paris

دەفتەری میوانداری

دوێنێ بەیانی بەڕێز ایمیل فوجاك وەزیری دەرموەی پولەندای میللی چۆتە کۆشکی کۆماریو بە بۆنەی سەردانی لە وڵات ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تومار کردووە. هەروەها بەڕێز هاشم ابراهیم قدوری جێگری وەزارەتی لاوان چۆتە کۆشکی کۆماریو بۆ سوپاس کردنی سەرۆك بە دانانی لەو پلە تازەیەدا ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردووە.

هەروەها بەڕێز دکتۆر عبدالامیر الانباری سەرۆکی سندوقی پەرەپیدانی دەرموەی عیراق چۆتە کۆشکی کۆماریو بۆ دوعا خوازی ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردووە.

بەڕیوەبەرایەتی ڕێنمایی جوتیاران

بەڕیوەبەرایەتیکانی ڕێنمایی جوتیاران لە پارێزگاکانی وڵاتدا بە بۆنەی ئاهەنگەکانی بیرەوەریی تەممووزی پیرۆزەوە پرۆگرامێکی گەورەی داناوە بۆ پێشکەش کردنی چەند چالاکیەك بەو بۆنەیەوە ئەو چالاکیو ئاهەنگ گێرانەی بەو بۆنەیەوە پێشکەش دەکرێت ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت ..

بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لەگەل ئەو چالاکییە هونەریانەدا چەند پێشانگایەکی کشتوکالیو هەندێکی دیهاتی پێك دەهێنێ.

کۆڕێکی ئەدەبی لە هەولێر

لە سەعات شەشی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٨-٦-١٩٧٨، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر کۆڕێکی ئەدەبی ساز دەکات بۆ مامۆستا احمد حامد قادر کە باسێك بە ناونیشانی (گیروگرفتی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا) پێشکەش دەکات. کۆڕەکە لە باخچەی یەکێتی دەبێت.

لیژنەی ڕۆشنبیری

کوڕێکی مەتبەندی لاوانی سلێمانی

لە فریا عبدالله پ. هاوکاریەوە بە تەلەفون:

ئێوارەی هەینی ڕابردوو لیژنەی ڕۆشنبیری مەلبەندی لاوانی سلێمانی کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوەی لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان ساز کردو جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەو کۆڕە بوون. سەرەتا وتاری لیژنەی ڕۆشنبیری مەلبەندی ناوبراو لە پارێزگای سلیمانی خوێنرایەوەو تێیدا پاش بەسەرکردنەوەی چالاکیەکانی مەلبەند بە هیوای ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزەوە داوای هاوکاری لە نوسەرانو ئەدیبانمان کرد. ئەوەی شایانی باسە، لەم کۆڕەدا چوار چیرۆك نووس بەرهەمی خۆیان خوێندەوەو ئەوانیش بریتین لە:

١ - محمد رشید فتاح - چیرۆك خۆ خواردنەوە.
٢ - عبدالله عزیز خالد - چیرۆکی پیرە دارگوێزەکە.
٣ - فؤاد محمد امین - چیرۆکی ژیلەمۆی زامێکی گەش.
٤ - ئەکرەم عەلی - چیرۆکی سمێل.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا پاش دەستنیشان کردنی باری سەرنجی جەماوەرانو وەڵامدانەوەیان چەند دیاریەکی ڕێزلێنان پێشکەش بە چیرۆك نووسەکان کرا.

بۆ ئاگاداری

هەویەیەکی دەزگای فرۆشیاری میریم لێوون بوە بەناوی سعید احمد فتاح وژمارەی ٦ لە ناحیەی سید صادق. هەر کەسە هەواڵێکی ئەزانێ یا دۆزیویەتەوە ببیداتەوە بەدەزگای ناوبراو شایانی سوپاسە.

سعید احمد فتاح
سید صادق

لە بیرەوەری شۆڕشی تەموزی پڕۆزدا

بە بۆنەی ئاهەنگ گێرانی وڵات لە بیرەوەری دەهەمینی شۆڕشی ١٧ی تەممووزدا دەزگای گشتیی سینەماو شانۆ پرۆگرامێکی تایبەتی داناوە بۆ پێشکەش کردنی هەندێ چالاکی هونەری بەو بۆنەیەوە.

دەزگای ناوبراو بەرنامەیەك دەربارەی فلیمی دیکومەنتی پێشکەش دەکات یەکی لەو فلیمانە کە بە رەنگاورەنگ پێشکەش دەکرێت بە ناوی لە پیناوی دوارۆژێکی چاکتردا.

هەر بەم بۆنەیەوە تیپی نەتەوەیی هونەری میللی لە هۆڵی گەل لە نێوان ڕۆژانی ١٠-١٧ی مانگی تەممووزدا چەند بەرنامەیەکی تایبەتی پێشکەش دەکات، هەروەها تیپی میللی بەسرا لە بەسرا لە نێوان ڕۆژی ١٠-١٧ی مانگی تەممووزدا چەند چالاکیەك بەو بۆنەیەوە پێشکەش دەکات. لە هەمان کاتدا تیپی نەتەوەیی نواندن لە ڕۆژی پێنجی مانگی داهاتودا شانۆگەری ئەستێرەی پرتەقاڵی لە سەر شانۆی نەتەوەیی پێشکەش ئەکات.

کۆبوونەوەی لیژنەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی لە هەولێر

دوێنێ لە پارێزگای هەولێر لیژنەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کۆبۆتەوە بۆ دیاری کردنی لایەنەکانی بەرە لە سەرخستنی جێبەجێ کردنی یاسای نیجباری کردنی خوێندنو هەروەزی نیشتمانی بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لیژنەی بەرە لە کۆبوونەوەکەیدا ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە پێویستە هەروەزی ڕاگەیاندن فراوانو زیادتر بکرێت بۆ ئەوەی مەبەستی هەروەزەکەو لایەنی چاکەی یاساکە لە هاوڵاتیان بگەیەندرێت.

دوێنێ لە پارێزگای هەولێر لیژنەکە ستایشی ئەو هەنگاوەی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشی کردووە بە بنیاتنانی گونەو نوێکانو نیشتەجێکردنی جوتیاران لەو گوندانەدا، ئەویش بەمەبەستی بڵندکردنەوەی پلەی گوندەکان لە ڕێگای ئاڵوگوری سۆشیالیستیدا.

لە کۆبوونەوەکەدا باسی دۆخی هاوینە هەوارەکان کراوە لە گەل پێویستی ئامادەکردنی هەموو پێویستیەك بۆ ئەو کەسانەی بۆ گەشتو گوزار ڕوو دەکەنە ئەو هاوینەهەوارانە.

یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق بەشداری کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتە دادپەروەرەکانی جیهان دەکات

بەغدا - ئا.د.ع:

یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق بەشداری ئەو کۆنگرە جیهانییە دەکا کە لە دەی مانگی داهاتودا، یەکێتی ئافرەتە داد پەروەرەکان لە شاری داکاردا دەیگرێ.

کۆنگرەکە لە ماوەی هەشت ڕۆژدا لەو مەیانە داد پەروەریانەی ساڵی دەولەتانی منال دەکۆڵێتەوە کە ڕێکەوتی ساڵی ئایینده دەکەن، سەبارەت بە مافی منال وەك قەوارەیەکی ئادەمیزاد کە لە ناوەندێکدا پێدەگاو دەگەشێتەوە، ئاشتی باڵی بە سەردا کێشابێ.

یەکێتی دوو لێکۆڵینەوە دەربارەی کاری منالان لە یاسای کاری عیراقیو واقیعی منالی ڕەچەڵەك نا دیار لە یاسای عیراقیدا پێشکەش دەکا. دوو لێکۆڵینەوەکە لە پاراستنی منال لە چەوسێنەرەوانو کارتێکردنی یاسای خوێندنی ئیلزامی دەدوێن بۆ سەر کاری منالان، لەگەل پێناساندنی منالی ڕەچەڵەك نادیارو هەلوێستی شەریعەتی ئیسلامو یاسای عیراقی بەرامبەر منالەکە، لە سەر ڕۆشنایی ئەو دەقە یاسایی یانەی کاریان پێ دەکرێ.

پێشانگای پۆستەری شیعری کوردی

دوێنێ بەڕێز بهجت عزت محمد صالح جێگری پارێزگاری سلێمانی یەکەم پێشانگای پۆستەری شیعری کوردی کردۆتەوە، ئەو پێشانگایە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی ناوخۆی پارێزگا کردویەتەوە.

ئەو پێشانگایە کە ٤٢ شاعیر بەشداری تێدا کردووە بریتی بووە لە ٤٨ تابلۆو پارچە هەڵبەست کە ئەوانەش ڕوکاری ئەو دەستکەوتانەی نیشان داوە کە بۆ جەماوەری کورد هاتوونەتە دی لە ژێر سایەی شۆڕش ١٧ی تەممووزدا.. ئەوەی شایانی باسە ماوەی نیشاندانی پێشانگاکە هەفتەیەکە دەخایەنێت.

یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە پارێزگای دهۆکدا بەشداری ئوردوگای گەلەکاری دەکات

دهۆك - ئا.د.ع:

لە هەفتەی داهاتودا یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە پارێزگای دهۆك، بەشداری ئەو گەلەکاریە دەکا کە لەو ئوردوگایەدا دەکرێ کە لە قەزای شاربازێردا لە پارێزگای سلێمانی دەگیرێ بۆ دروستکردنی ١٥ خانو. لەو ئوردوگایەدا ١٥٠ قوتابی کوڕو کچ لە قوتابیانی پۆلە کۆتاییەکانی پارێزگاکەدا هاوبەشی دەکەن.

بەڕێز پارێزگاری سلێمانی سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردووە

بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی لیژنەی مەرکەزی خوێندنی ئیجباری کردووە، لە کۆبونەوەکەدا لەو ڕاپۆرتانەیان کۆلیوەتەوە کە لیژنەکانی لق پێشکەشی کردوون، کە ئەویش بریتییە لە بەریوەچوونی کار لە دروست کردنی ئەو قوتابخانانەی تایبەتین بە خوێندنی ئیجباریەوە لەگەل ئەو پێویستیانەی کە تاوەکو ئێستا ئامادەکراون. وا چاوەڕوان دەکرێت کە تاوەکو کۆتایی مانگی تەممووزی داهاتوو ٢٧٣ قوتابخانە تەواو بکرێتو تاوەکو ئێستا لە ٧٠٪ی ئەو کتێب و کاغەزو دەفتەرو قەلەمو پێویستیانە ئامادە کراون کە قوتابیان لە خوێندندا پێویستیان پێی دەبێت.

لە هەمان کاتدا لە کۆبونەوەکەدا لە چالاکی ڕێکخراوە جەماوەرێکانو دایەرەکانی وریا کردنەوەی هاوڵاتیان کۆلراوەتەوە سەبارەت بە خوێندنی ئیجباریو قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری.

لە کۆبونەوەکەدا بڕیاری ئەوە دراوە کە چالاکی ئیشو کاری ئەو ڕێکخراوانە زیاتر کرێت بە تایبەتی لە ناوچەی دیهاتەکاندا.

لە بیرەوەری تیپەڕبوونی ساڵێك بەسەر شەهیدبوونی عثمان محمد فائق دا



ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٩ی ئەم مانگە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێ بە سەر شەهیدبوونی عثمان محمد فائق دا لە بارەگای کۆمەڵەی لاوە موسوڵمانەکان لە مەنسور کۆبوونەوەیەك بۆ ئەو یادە پێك هات.

لە بیرەوەریکەدا وتارێ وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەرو دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیو خێزانی شەهید خوێندارییەوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەرەوە بەڕێز نوری المرسومی لەباتی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریو هونەر وتارەکەی خوێندەوە.. لە وتارەکەیدا وتی:

برایان سلاوی خواتان لێبێت..

ئەمڕۆکە بۆ ژیاندنەوەی بیرەوەریی شەهیدێکی خۆشەویست کۆدەبینەوە کە لە سەرەتای پێگەیشتنییەوە لە ریزەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیدا کاری کردووە، تێکۆشەرێکی بەسەبرو ڕابەر بووە، لە خێزانی ڕۆشنبیریو هونەریدا وەك ڕۆشنبیرێکو هونەرمەندێکو ڕاگەیاندەرێکی خاوەن بیرو باوەڕ بە مەسەلەی گەلەکەی دەرکەوتووەو بە هەموو توانای هەوڵی دەرخستو بڵندکردنەوەی بۆ داوە، فەرمانبەرێکی کارامەو دڵسۆز بە ئیشو کارەکەی بوو نەترسانە دەیبردن بەڕێوە، مرۆڤێکی مەوزوعی بوو لە ڕەوشتو کردارییدا کە ئەویش شەهید (عثمان محمد فائق)ە بەڕیوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی.

شەهید لە هەموو ئەو مەیدانانەدا کە دەهاتنە ڕێگای لەگەل سەرجەمی تێکۆشەرانو شۆڕشگێڕانی ئەم وڵاتەدا بە چاکی تێدەکۆشا، لە پێناوی بەتین کردنی یەکێتیی گەلە نیشتمانییەکەیدا، لە ڕێگای بڵاوکراوەگانی دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردیو ئەندامێتی لە ئەنجومەنی یاسادانانو ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە بەرنامەیەکی بیرو باوەڕی ڕاستەقینەوە هاوبەشی ڕۆشنبیریکردووە، لە چارەسەر کردنی گیروگرفتو مەسەلەکانداو خستنە ڕووی چارەسەریان دژی ڕێبازی هەڵەکە بە دواکەوتویی مابوونەوەو لەگەل ئەو پێشکەوتنە گەورانەدا نەدەگونجان کە لە کۆمەڵگادا هاتبوونە کایەوە ئەویش لە ئەنجامی ئەوە دەستکەوتە گەورانەدا کە لە سایەی شۆڕشی ١٧ی تەممووزی مەزندا هاتبوونە دی.

شەهید هەڵوێستی حزبو شۆڕشی لە پرۆگرامێکی ڕۆشنبیری ئەوتۆدا وەدەردەخست کە ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانی گەلەکەی بنوێنێتو بیرو باوەڕە شۆڤینیکانی لێفری دەدایە دەرەوە بەردەوام یەکێتیی چارەنووسی گەلی عیراقمانی لە تێکۆشانی بەردەوامیدا دووپات دەکردەوە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نیشتمانیو نەتەوەیەکانیدا.

دەشی زانی ڕێگای تێکۆشەران ڕێگایەکی سەختو گرانە بڵندانە ئاگاداری ئەوەبوو کە قۆربانیدان بە گیان ئەونرخەیە کە دەبێت لە پێناوی بەرگری مەسەلەکەیدا بیدات.

وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەر خۆی بە سەربەرز دەزانی کە شەهید ئەندامێکی خێزانی سەرکردایەتی بووبێت، ئەوە دوپات دەکاتەوە کە هەوڵی ئەوە دەدات کە لە سەر ڕێبازی ئەو بەردەوام بێت.. ئەوە ڕادەگەیەنێت کە هەوڵدان لە پێناوی خولقاندنی ڕۆشنبیریەکی کوردی ئەوتۆدا کە هیواکانی گەلی کوردمان بنوێنێت لە پێناوی بەتین کردنی ئەو دەستکەوتانەدا کە لە سایەی شۆڕشدا وەدی هێناوەو بۆ تەرخان کردنی بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی ئالوگۆڕی نیشتمانی سۆشیالیستی.

وەفاداری بۆ بیرەوەریی شەهید بەوە دەبێت کە لەوریگایەدا بەردەوام بیت کە لە ژیانی تێکۆشانیدا گرتبوی، ئەمەش خۆی لەوەدا ئاشکرا دەکات کە هەوڵێکی زیاتر لە لایەن هەموو ڕۆشنبیرانی کوردو عەرەبەوە بدرێت بۆ ئەوەی ئەو بیرو باوەڕانە پاك بکرێتەوە کە سەردەمە کۆنەکان دروستیان کردبوو، لە ئەنجامی کرداری هەڵەیەیان بەرامبەر مەسەلەی گەلی کوردمان.

سلاوی وەفاداری بۆ بیرەوەریی شەهید.. سلاوی خواتان لێبێت. دوای وتارەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەر بەڕێز اکرم محمود سمین جێگری بەڕیوەبەری بەڕیوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی وتاری دەزگاکەی خوێندەوەو لە وتارەکەیدا وتی..

دانیشتوانی بەڕێز..

بەدڵێکی غەمناکی جەفاکێشەوە سەعاتێك لە سەعاتە تاڵو پڕ ئەندێشەکانی ژیانمان بەسەر دەبەین کە بە بیری هیچ کامێك لە دۆستو ناسیاوانی شەهیددا نەدەهات، ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمان دەزانی بە بۆنەیەکی تاڵو ناخۆشەوە لێرەدا کۆدەبینەوە، بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ساڵێك بە سەر شەهیدبوونی هاوڕێی تێکۆشەرمان عثمان محمد فائقدا، بە دەستی تاقمێکی تاوانباری ڕقاوی، بە دەستی تاقمێکی ڕێگای ونکەری ئەلقە لەگۆی کەوایان دەزانی، کە ئەو مەزەندەیەش سەرنەکەوتوو بە ئێش بوو، کە بەو کارە ئەوبیرو باوەڕە گۆڕ دەکەن کە شەهید باوەڕی پێی بوو، یا ئەو پەیامەی لەسەری دەڕویشت، وەك کەسێك کە لە ناو جەماوەری کوردی تێکۆشەر دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستو زایونیزم هاتبووە مەیدان، وەك کەسێکی باوەڕدار بەپەیامی حزبو شۆڕش، لە هێنانەدی هیواکانی نەتەوەی عەرەبو ئامانجەکانی.. شەهید تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەبوو لەگەل حزبو شۆڕشو گەلەکەیدا وە بۆ یەك خستنی یەکێتیی نیشتمانیو بەتین کردنی بڕایەتیو خۆشەویستی لە نێوان ڕۆلەکانی گەلداو تێکۆشەرێکی ڕەقو نەبەز بوو دژی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی ڕاخ لەدڵو زایونیزمی دەغەزارو ڕۆلەیەکی بە ئەمەکی شۆڕشو حزبە فەرماندەرەکەی بوو تێکۆشەرێکی نمونەیی بوو لە سیفاتی چاکیو دڵسۆزیدا وە لە خۆشەویستی یەگەورەیەدا کە بەرامبەر گەلو حزبو شۆڕشەکەی هەیبوو.

ئەی شەهید ئێمە لێرەدا کۆبووینەتەوە هەموومان دۆستو براو لەوانەین کە خۆشمان دەوێت لەم کاتە ناخۆشەدا، ستایشی پاڵەوانیو تێکۆشانی بێوچانت دەکەین باوکی (اکرم) چاولێك بنێو پشت بە حزبو شۆڕشو هاوڕێکانت بێ خەم بە، ئێمە هەرگیز عثمان محمد فائقمان لە بیر ناچێتەوە ئەو وەك دەڕیا هەر لەگەڵماماندا دەژی، هەمیشەو بەردەوام لە دڵماندا زیندووە.

سلاوی خواتان لێبێت

دوای بەڕێز اکرم محمود سمین لە باتی خێزانی شەهید ڕشید محمد عثمان فائقی برای وتارێکی خوێندەوە لە وتارەکەیدا سوپاسی حزبو شۆڕشی کرد بۆ ئەو چاودێریە گەورەیەی کە بەرامبەر خێزانی شەهید نیشانیان داوە، هەروەها سوپاسێکی گەرمی سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد کە خێزانی خوالێخۆشبویان بەسەرکردۆتەوە، لە کۆتایدا سوپاسی بەشدارانی کۆبوونەوەکەی کرد کە ئەرکی هاتنیان کێشاوە..

دوو هەواڵ لە هەولێرەوە

١-٧-١٩٧٨ دەخایەنێت..

ئاهەنگی مەهرەجانەکە بەمشێوەیە لەم جێگایانەدا دەکرێت ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە لە هاوینە هەواری سەلاحەددین ڕۆژی ٢٦ لە شەقلاوە، ڕۆژی ٢٧ لە ڕەواندوز، ٢٨ لە کویە ٢٩ لە مەخمور ٣٠ لە ئەسکی کەلەك ١-٧ لە گوندی شاوەیس، لە مەهرەجانەکەدا گەلی فلیمو چالاکی هونەری پیشان دەدرێت.

● دوێنێ لە گوندەکانی عبدالله کودیلانو هاودیانو ناحیەی دیانا پێنج دەورە بۆ جوتیاران دەکرێتەوە، لەو دەورانەدا جوتیاران مەشق دەدرێنو باس باری گوزەرانی جوتیارانی بۆ دەکرێت پێش شۆڕش دوای شۆڕش، لەگەڵ باس کردنی گرنگی دەوری گۆمەڵەی جوتیارانو دەوری جوتیاران لە وەدەست هێنانی دیهاتێکی سۆشیالیستیدا. ئەم دەورانە هەفتەیەك دەخایەنێت.

یەکەم گرەوی ڕۆشنبیری چیرۆك و شیعر و شانۆگەری کوردی

ئەمینداریتی ڕۆشنبیریو لاوان یەکەم گرەوی خۆی بڵاو دەکاتەوە لە کورتە چیرۆکو هەڵبەستو شانۆگەری کوردیدا، ئەویش لەو باوەڕەوە کە هەیەتی بە دەوری ئەدیبی کورد لە هاوبەشی کردنی شۆڕش گێڕانەیدا لە بنیاتنانو پێشخستنو وەدەستهێنانی سۆشیالیستیدا وە دەوری لەو ئالوگۆڕە گەورانەی لە مەیدانی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا کە شۆڕشی ١٧ی تەمموز سەرکردایەتی دەکات، وە وەك هاوبەشیەکی ئەمینداریتی گشتی لە خۆش کردنی هەڵو ماوە لەبەر دەم توانای ڕۆشنبیرە لاوەکانی کورددا، بۆ ئەوەی دەوری خۆی لە دەربڕینو زانستدا ببینێ.

لە بەر ئەوە ئەم ئەمینداریتیە داوا لە هەموو ئەدیبو شاعیرەکان دەکات کە بەشداریی ئەم گرەوە بکەن کە هیوامان وایە ئەمە ببێتە سەرەتایەك بۆ گرەوێکی تر بە هیوای پێشخستنی ڕیبازی ڕۆشنبیریی کوردی لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزو ڕیبازە نیشتمانی دیموکراتیکەیدا.. ئەویش بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە.

ا - مەرجە تایبەتیکان

١ - دەرخستنی ڕووی چاکەی ئەو دەستکەوتە پێشکەوتنخوازانەی لە هەموو مەیدانەکاندا لەسایەی شۆڕشدا وەدەست هێنراوە.

٢ - چارەسەر کردنی مەسەلە کۆمەڵایەتیکان لە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئیجابییەوە.

٣ - دەرخستنی لایەنە پرشنگدارەکانی تێکۆشانی گەلی عیراق بە هەموو لایەنو چینیو نەتەوەیو ئایینیکانییەوە دژی ئەمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستیو هەموو جۆرێکی ڕەگەز پەرستی.

ب - مەرجە گشتییەکان:

١ - دەبێت ناوەڕۆکی چیرۆکو شانۆگەری هەڵبەستەکە بیرێکی داهێنراو بێو وەرنەگیرابێتو تەرجومە نەکرابێ.

٢ - نابێ لە کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کرابێتەوە وە یا لە هیچ دەزگایەکی تری ڕاگەیاندندا بڵاو کرابێتەوە، وە نابێت لەمەوبەر ئەو بەرهەمە لە کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبیدا خوێندرابێتەوە.

٣ - ئەو بەرهەمەی هاوبەش پێ دەکرێت دەبێت بە خەتێکی جوان نووسراوبێتەوە وەیا بە چاپ بە دوو نوسخە نووسرابێت.

٤ - ناوی ئەدیبەکە لە پەرەیەکی سەربەخۆدا دەنووسرێت.

٥ - بەرهەمەکان ڕموانەی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیریو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی دەکرێت. لە زەرفەکە دەنووسرێت گرەوی ڕۆشنبیریی).

٦ - دوا کاتی وەرگرتنی بەرهەم ڕۆژی ١٥-٧-١٩٧٨.

٧ - ئەنجامەکانی لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا بەم بۆنەیەوە لە ڕۆژی ٣٠ی تەمموزی ١٩٧٨دا لە هەولێر لە (هۆڵی ابن المستوفی) دەخرێت ڕوو.

٨ - بۆ ئەمینداریتی گشتیی هەیە کە ئەو بەرهەمانەی گرەوەکە لە چوارچێوەی چاپەمەنیکانیدا لەبری خالاتیکا بڵاو بکاتەوە، وە نابێت بەشدار ئەو بەرهەمەی بڵاو بکاتەوە، تاوەکو ٦ مانگ بەسەر ئەو چاپەدا تێپەڕ دەبێت کە ئەمینداریتی دەیکات وەیا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی.

ج - خەلاتەکان

١ - سێ خەلاتی یەکەمی دەدرێت چیرۆکو هەڵبەستو شانۆگەری هەر خەلاتی لەوانە (١٠٠) دیناره.

٢ - سێ خەلاتی دووهەمی دەدرێت بە چیرۆکو هەڵبەستو شانۆگەری، هەر خەلاتەی (٧٥) دیناره.

٣ - سێ خەلاتی سێهەمی دەدرێت بە چیرۆکو هەڵبەستو شانۆگەری، هەر خەلاتەی (٥٠) دیناره.

جێگری ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیریو لاوان
مینا بولص جورج

Institut Kurde de Paris

دەورەی چوارەمی کادرانی نەهێشتنی نەخوێندەواری

ئەو بڕیارە گرنگەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری‌کرد بۆ هێرشی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە شێوەیەکی تەوزیمی (ئیلزامی) • هەنگاوێکی پێشکەوتوخوازانەی شۆڕشگێڕیە ، بۆ لەناوبردنی ئەم دەردە ساماناکە کوشندەیەو هەڵکەندی لە ڕەگەوە لە ناو کۆمەڵەکەماندا •

وە هەوڵدان بۆ ئەم کارە مەزنەو قالبون لەم ڕێبازەدا خزمەتێکی گەورەو پیرۆزەو ئەکەوێتە سەرشانی هەموو مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو نەتەوە ویست •

هاریکاری لەم پرۆژە گەورەیەدا بە گیانێکی خۆڵێ‌بوردنو تێراونینی بەرژەوەندی گشتی ئەمان‌خاتە سەر ڕێرەوێکی ڕاستەقینەو نیازو ئاواتی دێرینمان ئەهێنێتە دی ئەویش پاککردنەوەی سەرانسەری وڵاتە لە نەخوێندەواری •

وە لە سەر ڕێبازی ئەم هێرشە نیشتمانییە •• بەڕێوەبەرێتیمان ـ لە پارێزگای سلیمانی •• لە ڕۆژی ٥ـ٦ـ٩٧٨ کۆتای هێنا بە دەورەی چوارەمی کادران کە (٩٧) مامۆستا بەشداریان تێدا کردبوو •• وە بەڕێز مامۆستا « کمال مکورجی » بەڕێوەبەری نەهێشتنی نەخوێندەواری ئامادە بوو ، وە داوای لێکرا کە هەستی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە دەورەکەو بەشدار بووەکان •• بە وتەیەکی کورت باسی سەرکەوتنی دەورەکەی کردو سوپاسی بەشداربووەکانی کرد کە خۆیان ئامادە کردوە بۆ ئەم هێرشە نیشتمانییە کە بە سەرکردایەتی شۆڕشو سەرۆکی فەرماندە ئەکرێت وە لە ئەنجامی چەند پرسیارێکدا ڕوومان کردە مامۆستا کمال مکورجیو بەم جۆرە وەڵامەکانی دایەوە :

« مامۆستا پێشرەوی فێرکردنەو ئەمە ئەرکێکی سەر شانی هەموو لایکمانە •• وە بەشداربوون لەم دەورانەدا بۆ زیاتر شارەزابوونە لە چۆنێتی فێرکردنی گەورەو هەڵسوکەوت لە گەڵیاندا چونکە جیاوازی هەیە لەگەڵ خوێندنی قۆناغی سەرەتاییدا •

ئەو بابەتانە کە لە دەورەکەدا ئەخوێنرێتو تاقێکردنەوە تیایاندا ، ئەو ماوەیەی کە (٣) سێ هەفتەیە فەرمانی ئەنجومەنی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواریە •• ئەو مەلزمانەی کە وەرئەگیرێتەوە ، دووبارە سوودی لێ وەرئەگیرێتەوە بۆ بەشداربووەکانی تر وفەرمانێکی داوا کراوە • هەروەکو سەرۆکی یەکێتی ڕاهێنانە دووبارە لە بابەت دەورەکەوە وتی :

ئەم دەورەیەمان هەر وەکو (٣) سێ دەورەکەی تر ڕیکوپێك‌و گونجاو بوو وە هیچ گیروگرفتێك‌و ناخۆشیەك نەهاتۆتە پێشمان • وسوپاسی مامۆستایان ئەکەین کە بە گیانێکی خزمەتگوزاریەوە بەشداریان کردووە •• کە ئەمە کارێکی سوود مەندو مەبەستێکی ویستی داوە بە دەستەوە کە هەموومان مەبەستمانە •

وەتا ئێستا لەم چوار دەورەیەدا (٢٨٢) مامۆستا بەشداریان کردوەو چاوەڕێی هێرشەکە ئەکەن • وە لە ڕۆژی ٨ـ٦ـ٩٧٨ دەورەی پێنجەم ئەکەینەوە کە (٢١٨) مامۆستا بەشداری تێدا دەکات وەئەمەش گەورەترین دەورە ئەبێت تا ئێستا کە کراوەتەوە •

ئێمە لە کردنەوەی دەورەدا بەردەوام ئەبین تا ئەو ژمارە پێویستە لە کادر ئامادە ئەکەین بۆ ئەم هێرشە نیشتمانیە فراوانە •

وە مامۆستای وانە بێژی دەورە کاك علی ئەحمەدو وتی : دەورەکانمان سەرکەوتوو بوونو جی ڕەزامەندی بەشداربووەکان بووە ، بە دڵسوزیەوەو « هاوکاری » تەواوەوە دەورەکەیان بردۆتە سەر وە دەورە بە دەورە زیاتر بەرەو پێش هاتووەو گرنگی پێدراوە کە ئەمە زیاتر هەنگاوی سەرکەوتن ئەخاتە بەر دەمان لەم بوارەدا •

وە هیوادارم هەوڵو تواناکانمان جێگای خۆی گرتبێتو بە هەموو لایکمان ئاواتی میللەتەکەمان بهێنینە دیو نەخوێندەوار لە وڵاتەکەماندا نەمێنیت •

وە مامۆستا فاتح معروف باباشیخ وتی :

بەڕاستی ئەم دەورانە زیاتر زانیاریان زیاد ئەکات چونکە بریتی‌یە لە ئاڵوگۆری زانیاری بە سوود لە نێو نماندا بەگیانێکی خۆڵێ‌بوردنو هەوڵێکی تەواوە خۆمان ماندوو ئەکەین‌و دەورەکە ئەبەین بەرێوە •• وە تائێستا هیچ گیروگرفتێك ڕووی نەداوەو باوەڕ ناکەم ڕووبدات چونکە هەموومان یەك مەبەستمان هەیە •

کە هەوڵ ئەدەین بەشداری بکەین لە گەورەترین خزمەتدا بەرامبەر گەڵو نەتەوەکەمان •

لە پاشدا ڕوومان کردە مامۆستا بەشداربووەکان کە ڕەئی خویان دەربڕن بەرامبەر بە سوودی دەورەکەو گەیشتن بە ئامانجەکانی لە وەڵامدا مامۆستا نعمة عبدالساده مامۆستای قوتابخانەی دەرگەزین وتی :

پشەکی ئەمەوێت ئەوە بڵێم پێویستە لە سەر هەموومان کە توانای خۆمان بخەینە کار بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژە زیندووە گەورەیە کە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی دەکات بەو ئامانجە کە بتوانرێت کۆمەڵێکی پیشکەوتوخوازی شۆڕشگێڕی بە توانا بێتە مەیدانەوە کە هەست بە لێپرسینەوە بکاتو خۆی بە خاوەنی بزانیت بۆ هێنادی یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستی •

وە بڕیارە گرنگەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەی خستە بەر چاوی گەلی عیراق کە ئەمرۆ کاتی خەباتکردنەوەو زیاتر پێویستمان بە هەنگاو نانە بەرەو پێشەوە •• کە ئەمەش بەهۆی زاڵبوون بەسەر نەخوێندەواریدا دێتە دی •

دەورەکەمان سەرکەوتوو بوو بەتایبەتی دیموکراتیانەی بەڕێوەبردنی دەورەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی •

وە دوا بە دوای ئەو مامۆستا جلال جبار مامۆستای قوتابخانەی مەولەوی وتی :

هەوڵدانی مامۆستاکان لە گەڵماندا جێی باس‌و سوپاسە • وە بەڕیوەبردنی دەورەکە سەرکەوتنێکی تەواوی دا بە دەستەوە ، وە ڕاهێنانمان لەسەر شێوەی وانەکانی خوێندنەوەو حساب دەورێکی باشی هەبوو وە شارەزاییەکی تەواوی پێداین • وە وانەی (علم النفس) مادەیەکی دەوڵەمەند بوو زیاتر زانیاری داینێ لە بابەت ئیشکردنمان لەگەڵ گەورەدا •

وە مامۆستا عمر حمه صالح لە قوتابخانەی کوردی وتی :

کرداری مرۆڤایەتی‌و دەوری مامۆستای لێهاتوو لە دەورەکەدا دیار بوو ، ئاسودەییەکی تێکۆشانی خستبوە دڵمانەوە کە بە پەرۆشەوە لەگەڵ دەورەکەدا بین شوینەکەشمان گونجاو نزیك بوو ••

ئەو بابەتانەی کە وەرمان گرت پەیوەندی دار بوو بە فێرکردنی گەورەوەو زۆر کەلکمان لێ وەرگرتن •

وە مامۆستایان گەلاوێژو ژیان نجم‌الدین وتیان :

بەشدار بوونمان لەم دەورەیەدا کەلکێکی زۆری هەبوو ، زانیاری پێویستمان وەرگرت لە بابەت فێرکردنی گەورەو هەستان لەگەڵیاندا • ئاواتە خوازین ئەو ئەرکەی خۆمان بگەیەنینە ناو کۆمەڵی نەخوێندەواران لە کاتێکی نزیکدا فیری خوێندەواریان بکەین تا شان بە شانی خوێندەوارەکان بێنە مەیدانی ئیشکردنەوە •

وە مامۆستا ناجیە ممد کاکە ڕەش مامۆستای قوتابخانەی گەل وتی :

زۆر سوودمان لە دەورەکە وەرگرت • پێویستە ئەم سوودە بگەیەنینە خوشك‌و برا نەخوێندەوارەکانمان کە ئەمسال چاوەڕێی خوێندن ئەکەن • بە دڵێکی پاك‌و دڵسوزیەوە ئەم ئەرکە نیشتمانییە جێ‌بەجێ بکەین‌و خۆمان بە لێپرسراوی ڕاستەقینە بزانین لەم بوارەداو نەخوێندەوار لە وڵاتەکەماندا نەهێلین •

وە لە کۆتاییدا مامۆستا عبدالحمید عبدالواحد مامۆستای سرچنار وتی :

گرنگی دان بەم دەورانە لە جێگای خۆیدایەتی •• بە تایبەتی لەم کاتەدا کە شۆڕش بایەخی بێداوە •• تا ئێستا هیچ دەورەیەکی بەم جۆرانە ئەکراوەتەوە کە ئەم شێوە ڕێبازە نوێیەی گرتبێت لە بابەت فێرکردنی گەورەوە •

بەڕاستی زۆر لایەنی بۆ ڕوون کردینەوە کە جیاوازی هەیە لەگەڵ کاری ئەمڕۆی ئێمەدا کە منداڵ فێر ئەکەین •

بەهۆی بەشداربوونم شارەزاییەکی تەواوم پەیدا کردو ئامادەی ئەم کارە مرۆڤایەتیەین •

وە لە کۆتاییدا بەشداربووەکان‌و بەڕێوەبەرێتی دەورەکە لە ناوخۆیانمدا ئاهەنگێکی خینجیلانەیان پێشکەش کرد کە شیرینی‌و خواردن‌و ساردەمەنی تیدا بەش‌کرا •• سوپاس‌و ڕەزامەندی خۆیان دەڕبڕی‌و ئامادەیی خویان نیشان دایەوە بۆ بەشداربوونێکی گیانی لەم هێرشە میژوویەدا کە بە سەرکەوتووی بە ئەنجام بگەینرێت •

ئامادەکردنی : ئومێد کاکەرەش

فاتح معروف

عمر محمد صالح

جلال جبار

نعمة عبدالساده

لە خەونتا

مەسعود پەرێشان
هەولێر ٣ـ١ـ١٩٧٨

لە خەیاڵی ژووانتا ، چیت ئەچنی ؟
لە خەیاڵی ژووانتا ، چیت ئەچینی ؟
ـــ لە باخەڵی ، ئەو فریشتە نەشمیلەدا
ڕێبواریتو •••
بە دوای ، ڕازێکی یاخی بووی ،
سەوزاوێڵی !!
ـــ لە هەناسەی ئێستاکەتا ،
بە دوای ماچی ، ـ ئاسکۆڵە ـ داوێڵی !

● ●

لە خەوتنا ،
خونچەی سووری ، سنگی ئەو نەونەمامەی ••
کە لە بێختا ڕوواوە !
لە خەوتنا ،
هەزارو یەك تووڵە ڕێگا
لەگەڵ ویستی ڕێگایەکتا ••
گێنگل ئەدەن
دەست بۆ هەر کامێکیان ئەبەی
ئەبێتە ماسییێکی سووك

● ●

بێدار بەوەو ،
ئەو گۆمە مەنگە بێ بنە ••• بشڵەقێنە !
ئەو گۆمە مەنگە ، حەز بە مەلەی تۆ ئەکات
بێدار بەوەو ،
لەگەڵ جریوەی ، ئەستێرەدا ••• بجریوێنە !
هەر گۆمێکی ، مەنگیش هەیە ••• بیشڵەقێنە !

ڕازو.. گفتوگۆ

بەختیار قادر ڕەسوول

ـ ١ ـ

لە کاتێکا ••
ماسی لێوت ، تێکەڵاوی ••
دەریای زەردەخەنە دەبێ ••
لێوەکانم •• شەیداتن‌و زۆر حەز ئەکەن
ببنە تۆڕو •• ڕاوی ماسی لێوت بکەن !!

ـ ٢ ـ

ـــ مەلی دڵم •• لە قەفەسی دڵتا بەندەو ئەجریوێنێ
+ هەڵی فڕێنم ؟!!
ـــ نەکەی گیانە •• قەت توخنی ئەوە نەکەوی !
خۆت ئەزانی •• ئێسقانی مەل زۆر ناسکە
خۆت ئەزانی ••
کە دڵ ئاوێنەی باڵانمای دڵی ترە ،
مەلی دڵیش ئەوەند عەکسە
ئەو کاتە جریوەی خۆش ئەبێ
کە لە قەفەسی دڵتا بەند بێ !!

Institut kurde de Paris

پوستەی خوێندەران

● هاودیانی ئامادەی کردووە ●

● کاك محمد کریم نانەوا ••

پارچە شیعرێکی بەناونیشانی (نزا) وە بۆ ناردووین تیادا سکاڵای خۆی بەرانبەر دڵدارەکەی دەردەخات •• ئێمەش وا ئەم چەند دێڕەی بڵاو دەکەینەوە :

خۆشەویستەکەم
هەموو شەوێ
کە سەردادەنێمە
سەر سەرین
نزا دەکەم
نزا دەکەم بەنکوو شەوێ
تەنیا شەوێ
لە خەونی خۆشی شەوانمدا
بتگرمە باوەش‌و
ئارەزووی دڵی تامەزرۆم
بەژینی لێوەکانت بشکێنم ••• هتد

● برادەران بەڵخەیی •• غازی نوری •• م• کرێکار •• شوان باجەلان •• محمد کریم محمد •• رزگار کریم •• بیمار پشدەری •• علی عبدالله کە تۆشی •• علی طالب عزیز •• عدنان شریف بهرام •• یاسین سلیم رشید •• موفق توفیق فتح‌الله •• محمد حاجی حمه امین •• خالید مغدید شەیدا •• خوشکە پەروین شبیب •• مسعود احمد داود •• لوقمان زۆراب عارف •• محمد امین گەناوی •• ئەحمەدی مەلا •• فیصل طاهر •• بەرهەمەکانی ئەمجارەتان لەرووی هونەری‌یەوە کۆك نەبوون •• هیوادارین بەرهەمەکانی لەمەو دواتان لەبەرهەمەکانی پێشووتان جوانترو لەبارتر بن •

● کاك سابیر بێخەو ••

لە بەغداوە دوو پارچە شێعری بەبۆنەی نەورۆزەوە بەناونیشانی « جەژنانە » و « دڵدارەکەم » بۆ ناردووین •• والێرەدا چەند دێڕێك لە هۆنراوەی دووەمی بڵاو دەکەینەوە :

دڵدارەکەم
ڕوونو گەشتر
لە ئەستێرەکانی ئاسمان
ئەی لێو ئاڵی ڕوو پەڕەی گوڵ
ئەی کچەکەی ئارامی دڵ
ئەوا سەرەتای بەهارە
وەرزی گزوگیاو گوڵزارە
جەژنە •• جەژنی کوردستانە
نەورۆزە •• وەرزی گوڵانە ••• هتد

● کاك محمد حسین هەڵەبجەیی ••

لە ئاموژگای پەیوەستی بەغداوە پارچە شیعرێکی بەناونیشانی « شەووخۆشەویستی » بۆ ناردووین والێرەدا چەند دێڕێکی لێی بڵاو دەکەینەوە :

نازدارەکەم
چرۆی دڵە ئاوارەکەم ••
کاتێ پەنجەی نیانی خەو
بە ئەسپایی پیلۆی چاوە
گەشەکانت ئەنووقێنێ ••
تابلۆی شەوخۆی دەرئەخات‌و
ئەستێرە پڕشنگدارەکان دائەپۆشێ ••
لە کاتێکا ڕووبار لە شەپۆل کپ ئەبێ
ئا لەو کاتەی کە کەس بە ئاگانی‌یە
بزانە من بە ئاگام‌و
هەمیشە لەبیری تۆدام
نازدارەکەم

● کاك کاروان بلە ••

برای خۆشەویستم نووسینەکەت دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی نووسینێکی ساکارو سەرپێی‌بوو •• چونکە ئەو جۆرە باسانە پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ هەیە •• ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە « ڕەخنەی ئەدەبی » گەلێ کێشەو وتارو نامیلکەی لە سەرنووسراوەو نووسینەـ کەشت ئەوەندە کەلکی بڵاوکردنەوەی نیە •• چاوەڕوانی بەرهەمی پوختو سەرکەوتووت دەکەین •

بەبۆنەی تێپەربونی ساڵێك بەسەر شەهید بوونی هاورێ عثمان محمد فائق

مۆمێکی سووز !

ئەی نەمر •• ئەی دلێر
ئەی شەهید گیان ••
ئەی خۆشەویست •• ئەی قارەمان
ئەی گەورە •• ئەی پاڵەوان
وا •• ساڵێکی تازە گەرایەوە
بەلای من سەر هەڵدانێکی ترە
تۆ لە نێو حەشاماتی ئاهەنگەکان
سەرهەڵئەدەیت ••
لە قورگی پاڵەوانەکاندا •• ئەژیەیتەوە
لە تەك هاواری گەردونا گەورەترو
بەرزتر ئەبیتەوە ••
وا •• ساڵێکی تازە •• ساڵێکی تر گەڕایەوە
لەم ساڵە •• جۆرە دیاریکی ترت
پێشکەش دەکەم
چەپکە گوڵت بۆ ئەهێنم
دەنگی بازەکان ، گوڵەگەنمەکان
بۆنی شۆڕشت لێ‌ئەکەن
چاوەکانی بەکل ڕژێنرا ••
بڕژانگەکان شاگەشکەبوون
دڵەکان چرویان دەرکرد
هەرەتێکی تازە •• •گوڵانە ئەگرێ
گەرداوێکی بەهێزو سامناك لە ژێر
پێستەکانا سەرهەڵئەدات
خۆرەکەت ئەبریسکێتەوە
تالە ڕووناکیەکانی ئاڵای خۆشەویستی‌و
مرۆڤ پەروەری بۆ مرۆڤایەتی ئەچنێ
تا لە هەزارویەك چراوگ
لە نێو دڵەکانا داگیرسێت و تاریکی بخنکێنێ
لە ئاسمانی تۆدا ، هەزارو یەك ئەستێرە
ئەجریوێنێ ••
بۆی خۆش تۆ ئەپرژێنێ
ناوی مەزنی تۆ لەسەرزاری
قارەمانەکانی سەرانسەری دنیایە
پیاوەکان بۆ گیانی تۆ ئەخوێنن
بەدەنگی تۆ دەنگ هەڵئەبرن
تاسەرتاپای جیهان دەنگی دەهۆڵی خەبات ببیستێ
وا •• ساڵێکی تازە گەرایەوە
بە لای من سەرهەڵدانێکی ترە
گشت ڕۆژی هاورێکانت باستدەکەن
بە سەرۆك ، بە بەرگەگر ، بەباو ، بەشۆڕشگێڕ
ناوت ئەبەن ••
تۆ ئەی نەمر •• هەرکیزاو هەرگیز
لە یاد ناچیت ••
تۆ •• تۆ •• ئەی نەمر •• ئەی قارەمان
ئەی شەهید •••
ئەی دڵسۆز گیان ••

فؤاد حسین احمد

کارگەی ماڤوری هەولێر..

سەرنج و پرسیار لەگەڵ وبەرهەم

لەچەند ساڵێك لەمەوبەرەوە کارگەیەکی ماڤور چنین لە هەولێر دامەزراوە ، ئەم کارگەیە بەرهەمێکی باش ئەهێنێتە بەرهەم کە شان بە شانی باشترین جۆرەکانی ماڤور لە جیهاندا ئەوەستێ .

ئەم کارگەیە هەر وەکو لە مامۆستا « ابراهیم قاسم دۆسکی »ی بەڕێوەبەری گشتیمان زانی لە ساڵی ١٩٧١وە لە سەر ٣٤ دۆنم زەوی بنیاتنراوە کە تەمەنیان لە نێوان (٩) بۆ (١٣) ساڵانە :

لە بەڕێوەبەری گشتیمان پرسی :

– ئەم تەمەنە بۆچی ؟!

لەوەڵامدا وتی :

چونکە نامانەوێ ئەم منداڵانە بە بەر یاسای کار بکەون لەبەر ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم کارگەیە قازانج‌کردن نییە بەڵکو زیاتر مەبەستمان بەرزکردنەوەی رادەی ژیانی خێزانی جوتیارەکانە لە رێگای فێرکردنی منداڵەکانیانەوە .

– ئەی دەربارەی خوێندەواری ئەم منداڵانە چۆن ؟

● هەتا ئێستا لێرە ئێمە دەورەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریمان هەبووە بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو کە ساڵی خوێندنی ئیجباریە هەوڵ ئەدەین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەدا کە رێك‌بکەوین بۆ ئەوەی قوتابخانەی ئێوارانمان بۆ بکاتەوە چونکە ئێمە لێرە لێپرسراوی چاودێری فێرکردن‌و تەندروستی‌و جل‌و بەرگ‌و خواردەمەنی ئەم منداڵانەین .

– رادەی بەرهەمهێنان بە گشتی چۆنە ؟

● ئێمە بە جۆرێکی ئەو نەخشەیەی کە داینەنێین بەرێك‌و پێکی لە سەری نەڕۆین ، بەرهەمی ساڵی ١٩٧٧مان گەیشتە (١٥٥٦٠) مەتری چوار گۆشەیی لە هەموو جۆرەکانی ماڤوور ، نیازیشمان وایە بەرهەمی ئەم ساڵمان بگاتە بیست هەزار مەتری چوار گۆشەیی ، هەتا ئێستا لە ٨٠٪ی ئەم نەخشەیەمان تەواوکردووە .

– ئەی رێبازی هێنانەدی ئەم نەخشەیە چی‌یە ؟

● بۆ ئەوەی هێنانی کارکردنمان سەرکەوێت‌و ئەم قەبارەیەی ئەمانەوێ پێنێینە بەرهەم لەسەر یاسای هاندان « حوافز » ئەڕۆین ، واتا هەر منداڵێك ئەبێ لە مانگێکدا (٩٠٠٠) گرێ (عقدە) بەرهەمی هەبێت بەڵام ئەگەر گەیاندیە (١٠٠٠٠) گرێ ئەوە خەڵات ئەکرێ .. واتا هەرچەند بەرهەمیان زیادبێت بە گوێرەی ئەو زیادبوونە خەڵات ئەکرێ .

– سەرچاوەی کەرەسەی خاو لە کوێوە دەسگیر ئەخەن ؟

● بۆ کەرەسەی خاو دوو سەرچاوەمان هەیە یەکەمیان « کومپانیای گشتی چنین‌و رستنی خوری‌ی یە لە بەغداو ئەوی تریشیان هەر هەمان کومپانیایە لە موسڵ‌و ئەم کەرەسانەش لەلای خۆمان بە ئالەتی تایبەتی خۆش ئەکرێن .

– رەنگ‌و نەخشەکانی ماڤوورەکان زۆر جێگای رەزامەندی خەڵك نین‌و بۆچی ؟

● سەبارەت بە نەخش‌و نیگار یەکێکی پسپۆرمان نییە بەڵکو ئەوانەی لێرەن تەنها مەشقیان لە سەر نەخش‌کردن هەیە لە بەر ئەوە ئێمەش هەستمان بەوە کردوەو ئەمانەوێ بۆ ساڵی داهاتوو یەکێك لە دەرچوانی بەشی نیگارکێشانی ئامۆژگای هونەرە جوانەکان بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێنین .

– بۆ باسی نەخشەکان هەندێ جار پەیڕەوی جۆری فۆلکلۆری بکەن چۆنە ؟

● هەرچەندە هەندێ جار ئەم رێبازەمان گرتووە بەڵام ناتوانین بەردەوام لە سەری بڕۆین چونکە ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی ناوچەیی نییە لەبەر ئەوە ئەمانەوێ چێژی زوربەی خەڵکەکە رازی بکەین .

– نرخی ئەم ماڤوورانە بۆ وەها گرانە ؟

● نرخی ئەم ماڤوورانە لەچاو نرخی ماڤووری تردا هەرزانە چونکە نرخی دروستکردنی راستەقینە هەرزانترەو ئەوەش کە لەم ئیشەدا زۆر ئازاو گورج‌و گۆڵ‌بێت ئینجا مانگی دوو مەتر ناکات .

– ئەی فرۆشتن چۆنە ؟

● هەتا ئێستا لە کۆتاکەماندا هیچ جۆرێکمان نەماوەتەوە .

– نیازتان بۆ داهاتوو چی‌یە ؟

● ئەمانەوێ دوو مەلبەندی‌تر بکەینەوە یەکێکیان لە شێخان‌و ئەوی تریشیان لە سنجار .

هەروەها بەنیسبەت پیشانگاکەش ئەمانەوێ لە پال پیشانگاکانی هەولێرو موسڵ‌و دهۆك‌دا سێ پیشانگای‌تر بکەینەوە بۆ کومپانیای گشتی درووماڤان لایەکی پیشانگاکەیان بۆ بەرهەمی ئێمە تەرخان ئەکەن .

پ.ن هاوکاری
لە هەولێر



هەڵبژاردە

دۆڵە فراوانەکە ..
بەنێو پرتەقاڵ‌و زەیتونا ئەکشێ ..
هەردوو رووباری (غەرناتە)(١) ...
لەبەفرەوە ، بەرەو ئاو گەنم شۆڕ ئەبنەوە ...
ئاخ ، ئەی ئەو خۆشەویستیەی ..
رویشتیت‌و .. نەهاتیتەوە ..
ئاخ ، ئەی ئەو خۆشەویستیەی
بە با چووی ..
کێ ئەڵێ ئاو ، ئاگرێکی هەڵگرتوەو .. لە هاوارو کریانا
شەپۆل ئەدا ؟..
ئای بۆ ئەو خۆشەویستیەی
رۆیشتونە هاتەوە ..

– فیدیریکو گارسیا لۆرکا –

(١) غرناتە : شارێکی بەناوبانگە لە ئەسپانیاو « لۆرکا » لەوێ لەدایك‌بوە .

ئەم کاتەت باش

هونەرمەندێکی میللی

– جعفر سلیم – یەکێکە لەو هونەرمەندە میللی‌یانەی کە زۆربەی خەڵکی لە ئاهەنگە هونەری‌یەکاندا بینیویانەو توانیویەتی گەلێ ئاوازی فۆلکلۆری بەخەڵك رابگەیەنێ . دەربارەی سەرەتای هەستی هونەری ووتی :

– لە ساڵی ١٩٤١ لە شاری رەواندوز لە دایك ببووم . وە هێشتا تەمەنم حەوت ساڵان بووە کە چەشنەی گۆرانیم لە لاپەیدابووەو .

لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ یەکەم جار خۆم لە سەرشانۆدا دۆزی‌یەوەو ئێستا کۆمەڵە گۆرانیەکە لە ئێستگەدا هەیە .

● ئایا بۆچی تەنها گۆرانی فۆلکلۆری ئەڵێی ؟

– لە سەرەتاوە لە ناوچەیەکی کوردەواری چاوم هەڵێناو لەبەر چەشنەی گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکان زیاتر هۆگربووم بەم لایەنە . وە بیرم لەوە کردەوە کە ئێمە زیاتر لە هەووشتێ پێویستمان بە پاراستنی ئەم هونەرە ڕەنگینە هەیە .

● هەروەها ووتی :

– گەلێ بەرهەمی تازەم هەیە ، بەڵام زیاتر پێویستم بە یارمەتی هەیە . وە هیوادارم کە لەداهاتودا بتوانم خزمەتێکی گەورە پێش‌کەش بە کتێبخانەی گۆرانی کوردی بکەم .

– شێرزاد –

ئەم ئافرەتەو .. رەنج وسەربەرزی ژیان

لە گوندی « بیبی جەك » گلمان‌خواردەوە ، لەم ئاوایەدا ئافرەتێکی تیایە ناوی « ئافتاو محمد جمیل »ە ، لە یەك ژوری بێ هەیوانا بە تاقی تەنیا دەژی .. هەتا بڵێیت ئافرەتێکی روخۆشە .. زیرەکی لە رووبا دەدرەوشێتەوە .. پرسیمان :

+ ئافرەتێکی وەك تۆ لەم گوندەدا بە تەنها چی دەکات ؟

– خەڵکی بە ئافرەتم دەزانن بەڵام خۆم زۆر بە تواناو لێ هاتوو دادەنێم ؟

+ چۆن ؟

– ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت ، نزیکەی (١٠) دۆنم زەوی بەراوم بەدەستەوەیە ، ئێستا بە هاریکاری کۆمەڵی هەرەوەزی جوتیاران خۆمی پێ دەژیەنم .

+ ئایا لەگەڵ کۆمەڵی هەرەوەزی جوتیارانا بەینتان باشە ؟

– چۆن باش نەبێت ..؟ ئەوان نەبونایە ئێستا ئەو بستە زەویانەشم بە دەستەوە نەئەبوو ، بۆیە ئەو جارە لە مەلبەندی رۆشنبیرکردن‌و رابەری جوتیاران لە گەڵ (٣٠) پیاودا بە تاقی تەنیا بۆ ماوەی یەك مانگ شەوو رۆژ لە دەورەیەکدا پێکەوە بوین .

+ ئەی تەنگ‌و چەڵەمەکانت ؟

– زۆر کەس بە خەوشی دەزانێت بە تەنیا دەژیم‌و لەناو پیاواندا کاردەکەم ..

+ لەم زەویانە ساڵی چەندت دەست دەکەوێت ؟

– جاری واهەیە (٧٥) دینار لە گەنم‌و (٧٠) دینار لە نۆك ، جگە لە بامیەو تەماتەو باینجان‌و پیاز .

+ ئێستا بیر لە چی ئەکەیتەوە ؟

– زیاتر لە منداڵەکانم .

+ چەند منداڵت هەیە ؟

– سێ کوڕو دوو کچ ، یەکێکیان باوکی وەختی خۆی بە زۆر داویەتی بە پیاوێکی پیر ، بۆیە زیاتر بیرم لای ئەوە ، کوڕەکانیشم دوانیان مامۆستایەو ئەوی کەشیان هێشتا قوتابی‌یەو خۆیشم هەتا چواری سەرەتایم خوێندوە ، دوای ئەوە خستومیانە لای مامۆستای مزگەوت .

فریا عبداللە
پ. هاوکاری لە سلێمانی

خوێنەری بەڕێز :

لە گەشتەکەی ئەم دواییەماندا بۆ ناوچەی کوردستان‌و پارێزگاکانی ئۆتۆنۆمی ، هەولیرو سلێمانی‌و دهۆك ، یەکێك لەو دیاردانەی سەرنجیان راکێشاین ، نارێکو پێکی سەردانە لە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکان . کە ئەم نارێکو پێکیە ، هەردوولا لێپرسراوانی نەخۆشخانەکان‌و هاوولاتیەکانیش وەك یەك دەگرێتەوە ، ئەنجامی سەلبیشی ، بۆ سەر نەخۆشەکانە ، سەرەڕای ئەوەی دیاردەیەکی جوان نیە ، ئەوەندەی پەیوەندی بە لێپرسراوانی نەخۆشخانەکانەوە هەیە ، لە رۆژانی سەردانیشدا نەبێ بۆ لای نەخۆشەکان ، رێگا ئەدەن بە نەخۆشەکان پەرژینی نەخۆشخانەکان بگرن‌و کەسوو کاریان لەو دیوەوە ، بازاریکی حەکایەت خوانی دەکەنەوە ، کە دەبێ بەرهەڵستی ئەم دیاردەیە بکەن بۆ پارێزگاری باری تەندروستی نەخوشەکان . دیسان بەلایەنی هاوولاتیەکانەوە خۆزگە هەرکەسە لەلای خۆیەوە ، هەستی بە لێپرسینەوە دەکردو رێزی کاتەکانی سەردان لە نەخۆشەکانی دەگرت لەو رۆژانەی سەردانی هەیە . بەرێکوپێکی دەچونە لای نەخۆشەکانیان .

ڕێ ڕەو

بالاوان رابکێشین بەلای خۆماندا تا دوارۆژ مسۆگەر بکەین ، بالاوان بدەینە پال خۆمان تا ئەو جۆگانە ئاوبڕ بکەین کە تەوژم بەخوێنی ناو دەماری هیزەکانی دژ بە شۆڕش دەدەن .

هاوڕێ صدام حسین

بەرهەمی علی کمال پاپیر

بنەماڵەی شاعیری کۆچ‌کردو عەلی کمال پاپیر نیازیان وایە هەموو بەرهەمەکانی شاعیر کۆبکەنەوەو لە چاپی‌بدەن ، بەم بۆنەیەوە داوایان لە هەموو دلسۆزان‌و ئەدەب دۆستان کردوە هەر بەرهەمێکی شیعری نووسراو یان چاپکراوی ئەویان لا دەست دەکەوێت بینێرن بۆ کتێبخانەی سلیمانی .

بەهەرەو .. وەرزش

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

ئامادەکردنی ئازادبابان قەلادزێ

بەهرەو لێهاتنی شیاو لە کەسێ یا لە کۆمەڵ‌و تیپێ لە هەر بوارێکدا کارێکی وادەکا کە جێگەی خۆی بکاتەوە لە لاپەرەیەکی رۆژنامە یا گۆڤارێکداو خۆی بە دۆستانی ئەو بوارە دەناسێنێ .

بەهرە ئەگەر شتێکی سروشتی – یا بە سروشتی ناسرابێت لەزۆر لایەنەدا دەتواندرێ پەرەی پێ بدرێ‌و زیاتر بهێندرێتە سەر باری بەرگر .. دیارە لێهاتنیش لە ئەنجامی هەول‌و تێکۆشان‌و براوەوە بەدەستدێت ..

لە شارێکی خنجیلانەی وەك شاری قەلادزێ کە دەتوانم بڵێم وەرزش لە بوارێکی تەسك‌دا پەروەردە دەبێت – سەیر نییە کە یاری زانیکی یا یاری کەرانی خوێن گەرمی تێدا پەروەر ببێت بەبێ نازی .

رێبوار محەمەد یوسف هەژدە ساڵەو ئەندامی تیپی وەرزش لەو شارەدا دەورێکی جەماوەری راکێشاوەتە لای هێمنی‌و جوڵانەوەی سروشتی‌و رێزلێنانی یاری‌کەرانی دیکە .. ئەو قوتابیە خوێن گەرمە لەهەر یاریەکدا کە لەگەڵ قوتابیەکی ژیری تەمەن ١٨ وەرزشی رۆژهەڵاتەو لە بواری کاری‌گەر دەگیری‌و سەرنجی خۆی .. لە یاری‌دا سەرەرای یاریەکانیش دەنوسین لە گەڵ ئەنجام‌و گۆڵەکانی کە رێبوار تۆماری کردوون

تیپی رۆژهەلات‌و ١٧ی گەلاویژ رانیە	٤ـ٤ ئەنجام	٣ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و ١٧ی گەلاویژ رانیە	٣ـ٢ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و ئاری رانیە	٣ـ٠ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و یەکێتی قوتابیانی کوردستان رانیە	١ـ٠	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و وەرزشی هیمنی رانیە	٢ـ١ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و ئاسۆسی رانیە	٣ـ١ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و تیپی سوپا قەلادزە	٢ـ١ ئەنجام	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و تیپی سوپا قەلادزە	١ـ١ ئەنجام	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و پشدەری قەلادزە	٥ـ٠ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و سەنگەسەر	٢ـ١ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و سەنگەسەر	٢ـ١ ئەنجام	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و کاوەی کۆیە	٢ـ٠ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و ١٧ی گەلاویژ رانیە	٥ـ٥ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و هیمن قەلادزە	٣ـ١ ئەنجام	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و ئاسوسی سلیمانی سەرشەقام	٤ـ١ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و (فتوە)ی هەولێر	٣ـ٠ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و هەلبژاردەی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان	٤ـ٠	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و ١٧ی گەلاویژ رانیە	٢ـ١ ئەنجام	١ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و تیپی ٧ نیسان	٢ـ٢ ئەنجام	٢ گول رێبوار تۆماری کردووە
تیپی رۆژهەلات‌و تیپی ٧ نیسان	٢ـ١ ئەنجام	١ گول رێبوار تۆماری کردووە

Institut kurde de Paris

طبعت بمطبعة دار العراق

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهورية »
بەغدا ـ س٠ب ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

هاوکاری

٤ لاپەڕە

٢٥ فلسە

ئەو تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕییە کە لە دوای چەند تاقیکردنەوەیەکی سەخت لەم وڵاتەتێکۆشەرەدا سەری هەڵدا ئێستاکە بۆتە مەشخەڵێکی پڕشنگدار لە مەیدانی عەرەبیداو جێگەی متمانەی هەموو تێکۆشەرە عەرەبەکانە ٠

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● دوو شەممە ٣ی تەموز ١٩٧٨ ژمارە ٤٣٢ ●

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

● الاثنين ٣ تموز ١٩٧٨ العدد ٤٣٢ ●

دەست پێکردنی گفتوگۆی ڕەسمی نێوان عێراق و بەنگلادیش

دەکا ـ ئا٠ د٠ ع :

دوێنێ لە کۆشکی میکنا لەدەکا گفتوگۆی ڕەسمی لە نێوان لایەنی عیراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز طه محیی الدین معروف جێگری سەرۆکی کۆمارو لایەنی بەنگلادیش بە سەرۆکایەتی قازی عبدالستارجێگری سەرۆک کۆماری بەنگلادیش دەستی پێ کرد ٠لە گفتوگۆکەدا کە دوو سەعاتی خایاند ، باسی پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵاتو ڕێگای پەرسەندنی هاوکاری لە گەڵ بواری جیاجیاداو ئەو مەسەلە نێودەوڵەتییانە باس کران کە بە لای هەردوو وڵاتەوەگرنگن ، لە وانە هەڵوێستی هەردوو وڵات لە بزوتنەوەی بی لایەنیو کردنی ناوچەی ئۆقیانووسی هیند بە ناوچەیەکی هەمیشەیی ئاشتیو ئاسایش ، لەگەڵ پەیوەندی نێوان دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکان ٠

لایەنی بەنگلادیش لە کۆبوونەوەکەدا مەسەلەی پەنابەرە بۆرمی‌یەکانو تەئسیریانی بۆ سەر باری دارایی بەنگلادیش خستە روو بەڕێز جێگری سەرکۆماریش ڕای‌گەیاند کە مەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر «٥٠٠» هەزار دۆلاری بەخشیوە وەك هاوبەشی کردنێکی خۆی لە چارەسەر‌کردنی مەسەلەی پەنابەرە بۆرمی‌یەکاندا ٠ هەروەها ڕای‌گەیاند کە حکومەتی عیراق ملیۆنێك دۆلاری بۆ دروست کردنی زانستگای ئیسلامی لە دەکا بەخشیوە ٠

جگە لەمە بەڕێز طه معروف روونی کردەوە کە عیراق ئامادەیە بۆ مۆرکردنی پەیمانی جێبەجێ کردنی ئەو قەرزەی کە بریتی‌یە لە ٢٠ ملیۆن دۆلارو سندوقی عیراق بۆ پەرەپێدانی دەرەوە دەیدا بە بەنگلادیش بۆ یارمەتی‌دانی پرۆژەی فەرشی «جوت»و بەرهەمهێنانی ماددەی کلینکەر ٠

لە کۆتایی گفتوگۆکەدا بەڕێز طه معروف داوای لە قازی عبدالستار کرد کە سەر لە عیراق بداو هەروەها داوایەکی وەك ئەمی لە بەڕێز سیف الدین وەزیری بازرگانی بەنگلادیش کرد کە لە کاتی پێکهێنانی پێشانگای جیهانی‌ی بەغدادا سەر لە عیراق بدا ، بۆ تەواوکردنی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا لە نێوان هەردوو وڵاتدا دەکرێن ٠

لە لایەنی عیراقەوە دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەڕێز عودە احمد باڵوێزی عیراق لە بەنگلادیشو ئەندامانی وەفدی عیراق لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون ٠ لە لایەنی بەنگلادیشیشەوە بەڕێزان محمد شمس الحق وەزیری دەرەوەو سیف الدین وەزیری بازرگانیو نور الهدی وەزیری نەخشەکێشانو ژمارەیەك لە کاربەدەستانی حکومەتی بەنگلادیش لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون٠

ئەوەی شایانی باسە ، پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە بەڕێز جێگری سەرەك کۆمار لە دەکا چەپکێ گوڵی خستە سەر پەیکەری شەهیدانو وتەیەکی لە دەفتەری سەرداندا تۆمار کرد کە لەودا نوسیبوی ٠٠ سڵاو لە یادی ئەو باڵەوانانە دەکەم کە گیانی خۆیان لە پێناو سەربەستیو سەربەخۆیی نیشتماندا بەخت کردوەو با یادگاریان هەر بە نەمری بمێنێتەوە ٠

کاتێ بەڕێز جێگری سەرەك کۆمار گەیشتە مەیدانی «سافار» ، لە لایەن بەڕێز عبدالرحمان وەزیری کارسازیو پەرەپێدانی بەنگلادیشو بەڕێز بەڕێوەبەری تەشریفاتو ژمارەیەك لە کاربەدەستانی بەنگلادیشەوە پێشوازی لێکرا ٠

لە کاتی دانانی چەپکە گوڵەکەشدا لەسەر پەیکەری شەهیدان ، قازی عبدالستاری جێگری سەرەك کۆماری بەنگلادیشو بەڕێزان سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو محمد شمس الحق وەزیری دەرەوەی بەنگلادیشو ئەندامانی ئەو وەفدە کە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرەك کۆماردا بوو ئامادە بوون ٠

کارتەر پشتگیری ئەمەریکا بۆقەوارەی زایۆنی‌ی دوژمن دووپات دەکاتەوە

بەغدا ـ ئا٠ د٠ ع :

جیمی کارتەر سەر کۆماری‌ئەمەریکا سەر لە نوێ دووپاتی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندە بە پاراستنی ئەوشتەوە کە ناونراوە« ئاسایشو سەلامەتی ئیسرائیل» ٠

کارتەر لەچاوپێکەوتنێکی‌دا لەگەڵ ڕادیۆی ئەمەریکا روونی کردەوە کە سەردانی‌والتر مۆندێلی جێگری بۆ فەلەستینی داگیرکراو دووباتکردنەوەی ئەو بەڵێنیە کە داویەتی بە حکومەتی زایۆنی‌دوژمن ٠

هەروەها کارتەر داوای لەڕژێمی سادات کردوە کە دوای کۆتایی هاتنی ئەو سەردانەیەی مۆندێل بۆ میسرو فەلەستینی داگیر کراو پێشنیارو سەر شۆڕی یەکی تر بنوێنێ بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی خۆ بە دەستەوەدان لەگەڵ زایۆنی‌دوژمندا ٠

جێگری سەر کۆماری ئەمەریکا ستایشی ڕێبازی مەناحیم بیگن دەکا

دیسان پێرێ شەو ٥ التەرمۆندێلی جێگری سەرکۆماری ئەمەریکا لەگەڵ عەزراوایزمانی وەزیری جەنگی زایۆنی دوژمندا کۆبۆوە ٠

ڕادیۆی دوژمن لەوبارەیەوە بڵاوی‌کردەوە کە مۆندێل ستایشی ئەوسیاسەتەی کردوە کە مەناحیم بیگن سەرەك وەزیر دەیگرێتەبەرو وتویەتی ، مەناحیم بیگن دۆستی‌ئەمەریکایە ٠

سەرۆکی قەوارەی زایۆنی‌لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کۆدەبێتەوە

وە دوێنێ اسحاق نافون‌سەرۆکی قەوارەی زایۆنی لە قودسی داگیرکراودا لەگەڵ‌ولتر مۆندێل جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کۆبۆتەوە ٠

ڕادیۆی دوژمن ڕایگەیاندکە نافون بە مۆندێلی وتوە کە هەموو بارو دوخێك ئێستاکەلە بارە بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆی سازاندن لە نێوان‌قەوارەی زایۆنی‌و ڕژێمی سادات لە ژێر چاودێری‌وڵاتە یەکگرتووەکاندا ٠

هەروەها مۆندێل لە کاتی‌کۆبوونەوەکەدا وتی سەردانەکەی بۆ سەلماندنو دووپات‌کردنی بەتەنگەوەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانە بۆ پاراستنی‌ئەوەی نای‌و نا ئاسایشو ئەمنی « قەوارەی ئیسرائیل »٠

براقدا نارەزایی خۆی دژی‌دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانو وڵاتە یەکگرتوەکان بەرانبەرنیشتمانپەروەرانی ئەفەریقا دەردەبڕێ

مۆسکۆ ـ ئا٠ د٠ ع :

ڕۆژنامەی براڤدای‌سوفیەتی نارەزایی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر ئەوشەڕ فرۆشتنە کە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتوەکان دژی بزوتنەوەرزگاریخوازە نیشتمانی‌یەکانی تازەی ئەفەریقا دەینوێنن ٠

ڕۆژنامەکە لە وتارێکیدا کە دوێنێ بڵاوی کردۆتەوە وتویە ئەو دەوڵەتانە لەو چالاکی‌یە لە ئەندازە بەدەرە دەترسی کە بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی ئەفەریقا دەینوێنن ، چونکە ئەو چالاکی‌یە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانیان لەو قارە‌یەدا دەکاو لە هەمان کاتدا مەترسی هەیە بۆ ڕژێمی ڕەگەز پەرستی خواروو ئەفەریقاو ڕۆدیسیا کە ئەو دەوڵەتانە لە هەموو بوارێکدا پشتگیری‌یان لێ دەکەن ٠

هەروەها ڕۆژنامەکە دەستی بۆ ئەو بڵانە ئینگلۆ ئەمەریکی‌یە کێشا کە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە کە ناونراوە مەسەلەی ناوخۆی ڕۆدیسیا ٠٠ هەروەها وتی ئەو پلانە تەنیا مەبەستی ئەوەیە ماوە لە بەر دەم ایان سمیث سەرەك وەزیری ڕژێمی ڕۆدیسیا فراوان بکرێت تا وەکوو سوود لە کات وەربگرێ بۆ بەردەوام بوونی لەسەر کردەوەکانی خۆی بۆ لێدانی هاونیشتمانی‌یە ئەفەریقاییەکان ٠

دادگایەکی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی خواروو ئەفەریقا حوکمی گرتنی سێ لاوی ئەفەریقایی داوە

تیوریا ـ ئا٠ د٠ ع :

دوێنێ دادگایەکی سەر بە ڕژێمی ڕەگەز پەرستی خواروو ئەفەریقا حوکمی گرتنی سێ لاوی ئەفەریقایی داوە بە تاوانی دوژمنایەتی کردنی ئەو ڕژێمە ٠ دادگایەکە دیزموند مادلاشوی بۆ ماوەی «١٨» ساڵو میامبوانو نکفینکیف ماویلای بۆ ماوەی «١٢» ساڵ لەبەر بەشدار‌بوونیان لەو خۆپیشاندانانەدا کە دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خواروو ئەفەریقاکراون حوکم داوە ٠

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ بالیۆزی یەکێتی سۆڤیەت کۆدەبێتەوە

واشنتۆن ـ ئا٠ د٠ ع :

پێرێ شەو سایروس ڤانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ اناتولی دوبرینین بالیۆزی یەکێتی سۆڤیەت لە وڵاتە یەکگرتووەکان کۆبۆتەوە سەرچاوە ڕەسمی‌یەکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە لە کۆبوونەوەکەدا باسی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەتو هەندێ شتی تر کراوە ، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو شتانەیان باس نەکردوە ٠

«کتائب»ی ڕاستڕەوەکان چەك وجبەخانەیان لە کۆبیای باشوورەوە پێدەگا

ئەو ڕاپۆرتەی دوێنێ بەیانی پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە لەبوبنانەوە ناردوویە ، ئەوە دەگەیەنێ کە تەقەلە خواروویڕۆژهەڵاتی بیرۆتدا کزبووەو تەنها چەند تەقەیەك ناوبەناولەو ناوچەیەدا دەبیسترێ کە دەکەوێتە دەروی ڕۆژهەڵاتی‌بایتەختی لوبنانەوە ٠ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەباری‌ڕەمەترسی وڵات دامرکاوەتەوە نی‌یە ، بێ ئەوەی بیشکنرێ ٠

بەڵکوو چەکدارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی بیرۆت لەوپەڕی ئامادەبووندان ٠ ئەو لێکدانەش کە پێرێ لە نێوان حزبی کەتایبو هێزەکانی دامرکێنەدا رووی‌دا ، «٤٠» کەسی تێدا کوژرانو ١٠ کەسیشی تێدا بریندار بوون ٠ لەلایەکی ترەوە دوێنێ لە بیرۆت بڵاوکرایەوە کە کۆمەڵە چەکێکی نوێ بۆ حزبی کەتایبی ڕاستڕەو گەیشتۆتە لوبنانو سەرچاوە ئاگادارەکان وتیان ، ئەم کۆمەڵە چەکە لە کۆریای باشووری‌یەوە هاتوەو لەو دوایی‌یەدا گەیشتۆتە بەندەری بیرۆتو وا داگیراوە کە گوایا کەرەسەی خواردەمەنی لە لایەکی ترەوە پێرێ شەو وەك ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە بیرۆت ڕاغەیاند ، بەرەی ڕاستڕەوی لوبنان کۆبوونەوەیەکی کردوەو لە کۆبوونەوەکەدا بییر الجمیلو کمیل شمعونو شربل قسیس بەشدار بوون ٠

ئەم بەرەیە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تێیدا نیشانی دا کە لەو کۆبوونەوەیەدا باسی مەسەلەی کاروباری ئاسایش لە لوبناندا کراوە ، بە دوای لێکدانەدا کە پێرێ لە ناوچەی شیاح ـ عین الرمانة لە نێوان هێزەکانی حزب کەتایبو هێزەکانی دامرکێندا رووی دابوو ٠

ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە بارو دۆخی مەسەلەی فەلەستین دەکۆڵێتەوە

بەغدا ـ ئا٠ د٠ ع :

پێرێ شەو لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە سەرۆکایەتی یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخرا وەگە لە بەیروت کۆبوونەوەیەکی کرد ٠

ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین «وفا» وتی لیژنەکە باسی گەلێ بابەتو مەسەلەی کرد کە پەیوەندی‌یان بە مەسەلەی فەلەستینەوە هەیە لە هەموو بوارێکدا ٠ ئاژانسەکە زێدەی بە قسەکانی داو وتی لیژنە لەو کۆبوونەوەیەدا گەلێ بریاری گرینگی دەرکرد کە پەیوەندی‌یان بە کێشە سەرەکی‌یەکانەوە هەیە بە بێ ئەوەی چۆنیەتی ئەو بریارانە روون بکاتەوە ٠

مەلیکی سعودیە نامەیەکی لە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری عەرەبی یەمەنەوە پێدەگا

بەغدا ـ ئا٠ د٠ ع :

مەلیك خالد بن عبدالعزیز مەلیکی سعودیە ، نامەیەکی لە قازی عبدالکریم العرشی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری عەرەبی یەمەنەوە پێگەیشتو وەك ڕاشکاوەیەنرا نامەکە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یەی یەمەنەوە هەیە ٠

ئەو نامەیە پێرێ شەو محمد احمد الجنیدی جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری دارایی کۆماری عەرەبی یەمەن ، لە کاتی کۆبونەوەیدا لە ریاض لەگەڵ مەلیك خالیددا ، پێی گەیاندوە ٠

پاراستنی داهاتی نەوت بەهۆی داشکانی بەردەوامی نرخی دۆلارەوە

لیژنەی سپێڕانی نەوت کە سەر بە ڕێکخراوی وڵاتانی نەوتنێرە « ئۆپك » ، لە چواردەی ئەم مانگەدا لە لەندەن کۆدەبێتەوە ٠

سەرچاوەکانی وەزارەتی نەوتی کوێت وایان ڕاگەیاند کە ئەو کۆبوونەوەیەی لە وانەیە سێ ڕۆژبخایەنێ ، لە ڕێبازی پاراستنی داهاتی دەوڵەتە نەوت نێرەکان دەکۆڵێتەوە ، بە هۆی داشکانی بەردەوامی نرخی دۆلارەوە ٠ ئەو لیژنەیەش مانگی ڕابوردوو لەکاتی کۆبوونەوەی وەزیرانی نەوتی ڕێکخراوەکەدا لە جنێف پێکهاتو علی خلیفة الصباح وەزیری نەوتی کوێت سەرۆکیەتی ٠

هاشم حسن بەردەوامە لەسەردانەکەی لە پارێزگای میسان

لەسەر ئامۆژگاری سەرۆکی‌فەرمانده احمد حسن البکر بەڕێز هاشم حسن وەزیری‌دەوڵەت بۆ بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانی پارێزگای میسان‌ئەو پارێزگایەی بەسەر کردۆتەوە ٠

بەڕێز وەزیری دەوڵەت‌لە ماوەی ئەو سەردانەیدا کە پێنج ڕۆژ دەخایەنێ لە پێویستی‌یەکانی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دەپرسێ ، هەروەك لەگەڵ سەرۆکی دایەرەو دەزگاکاندا کۆبوونەوەیەکدەکا ، بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبێ کە چەند لە پرۆژەکان جێبەجێکراوە ئەوانەی ماویشن پێویستیان‌بەچی‌یە بۆ جێبەجێ کردنیان ٠

بەگەیشتنی بەڕێز وەزیری‌دەوڵەت بەڕێز جێگری پارێزگارو نوێنەری حزبی‌بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پێشوازی‌یان کردوە ٠

یەمەنی دیموکراتی تاوانی کوشتنی «الغشمی» دەخاتە ئەستۆی سالم ربیع علی

عەدەن ـ ئا٠ د٠ ع :

دوێنێ ڕۆژنامەی الثوری‌کە بە ناوی لیژنەی مەرکەزی‌ی ڕێکخراوی‌سیاسی کۆماری دیموکراتی یەمەنەوە دەدوێ ، وتی‌مەسەلەی کوشتنی موقەدەم احمد حسین الغشمی لە لایەن‌سالم ربیع علی‌یەوە ساز کراوەو هەر خۆشی‌بەجی‌ی‌هێناوە ٠ هەروەها ڕۆژنامەکە وتی ئەوەراستی‌یە بە تەواوی لە ڕووداوەکانی ڕۆژی بیستوپێنجو بیستو شەشی ئەم مانگەدا دەرکەوت کە بەدوای کوشتنەکەی الغشمی‌دا هاتنو ڕووداو سازکەرەکەی‌تێدا کەوتو ئۆباڵی کارەکەی خرایە ئەستۆی‌و بە تەنها نرخەکەی دا ٠

لە لایەکی ترەوە باڵوێزخانەی کۆماری دیموکراتی یەمەن لە بیرۆتدوێنی ئەو هەواڵەی بەرپەرچ دایەوە کە هەندێ لە ئاژانسەکانی دەنگوباسو ڕۆژنامەکان دەیانهێناو دەبردکە گوایا عبدالعزیز عبدالولی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ڕێکخراوی یەکگرتووی سیاسی ، وەزیری پیشەسازی‌لەکاتی کودەتا سەرنەکەوتوەکەی سالم ربیع علی‌دا کە هەفتەی ڕابوردوو لە عەدەن سەرکردایەتی کرد ، بریندار‌بووە ٠

وەزیری بازرگانی دەرەوەی کوبا بەغدا بەجێ دەهێڵێ

دوێنێ بەیانی بەڕێز مارسیلیو فیرناندیز فونت وەزیری بازرگانی دەرەوەی‌کوباو ئەو وەفدەی لە تەکیا بوو پاش سەردانێکی‌پێنج ڕۆژی لەوڵاتەکەمان بەغدایان بە جێ هێشت ٠بەڕێز حسن علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕشو وەزیرنی بازرگانیو باڵوێزی کوبا لە بەغدامارسیلیوو وەفدەکەی تەکیان بەڕێ کردوە ٠

بەڕێز فۆنت وتویەتی ٠٠ ئەو ڕێکەوتنە هاوکاریو ئابوورییو تەکنیکی‌یەی لە نێوان عیراقو کوبادا مۆر کراوە قەوارەی ئەو کەلو پەلە کە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا ئاڵو گۆڕ دەکرێ دووچەندانە دەکا ٠

وە لەو گفتوگۆ تایبەتیەدا کە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە گەڵی کردوە وتویەتی ٠٠ ئەم ڕێکەوتنە بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندی ئابوورییو بازرگانی نێوان هەردوو دەوڵەت مۆر کراوە لە هەمان کاتدا ڕادەی بازرگانی نێوانیان گەورەتر دەکا پەیوەندی دۆستایەتیو هاوکاری هەردولا بەتینتر دەکا لە هەمو لایەنێکەوە ٠ ئەوەشی روون کردۆتەوە کە هەردوو لایەنی عیراقو کوبا لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش پێکهاتوون کە ئەم لیژنەیە بە شێوەیەکی ناو بە ناو لە بەغداو هاڤانا کۆ دەبێتەوە بۆ ئەوەی جۆرو قەوارەی هاوکاری هاوبەشیان دەستنیشان بکا لە مەیدانی ئابووریدا ٠ لە هەمان کاتدا خشتەی کەلوپەلی نیردراوو کراو ڕێك دەخا کە ئەویش بڕێتی‌یە لە ناردنی شەکری خاوی کۆبایی بۆ عیراقو وەرگرتنی کوتی کیمیاوی‌و گۆکرد لە عیراق ٠

بەڕێز وەزیری بازرگانی کوبا ئەوەشی وتووە کە کوبا عیراق بەبازارێکی کۆنی خۆی دەزانی کە شەکری تێدا بفرۆشێت هەروەك ئەوەو بە ئاوات دەخوازی کە کۆباش ببێتە بازارێکی دێرینی فرۆشتنی کەلوپەلی عیراق لە سەرو ئەوانەشەوە کووتی کیماوی‌و کبریت ٠

وە سەبارەت بە پرسیارێك دەربارەی ڕووی ئیجابی مۆرکردنی ئەم ڕێکەوتنە وتویەتی ٠٠ پێش ئەوەی ئەم ڕێکەوتنە مۆر بکرێ ئێمە بەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتی عیراقدا زۆر چاك بووە بەڵام دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنەکە ئەو پەیوەندی هاوکاری‌یانە زیاتر بەهێز دەبێ چونکە پەرەسەندنی پەیوەندی ئابوری بێ‌گومان دەبێتە هۆی پەرەسەندنو بەتین‌بوونی هەمو لایەنەکانی تری دۆستایەتی ٠

وە سەبارەت بەپرسیاری هەڵویستی سیاسی هاوبەشی عیراقو کوبا بەرامبەر ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بەڕێز فۆنت ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو هەڵویستە لە ڕادەیەکی جیهانیدا ئاشکرایەو هەردوو لایان بەتوندی ڕوبەڕوی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی‌و ڕەگەزپەرستی ڕادەوەستن ، هەروەك نەتەوە یەك گرتووەکانو کۆبونەوەو کۆڕە جیهانی‌یەکان بەڵگەو شایەتی ئەم هەڵویستانەن ٠ لەم بارەیەوە هەڵویستی هەردوو وڵاتو تێکۆشانیانی هێنایەوە یاد لە بزووتنەوەی بێ‌لایەنیدا وەك بەڵگەیەك بۆ ڕوانگەیەکی سیاسی هاوبەش لە نێوان شۆڕشگێڕە عیراقی‌و کوباییەکاندا ٠

وە دەربارەی هاتوچۆو سەردانی کاربەدەستە گەورەکان بۆ لای یەکتر ٠ بەڕێز دەڵێت لەم دواییەدا ئەم جۆرە پەیوەندی‌و هاتووچۆیانە زیاتر بووە ئەویش پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان هەردوو وڵات نیشان دەداو خۆشەویستی نێوان هەردوو گەلی عیراقو کوبا زیاتر دەکا ئەمەش دەبێتە مایەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات ٠

وە لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت ئەو ئینتباعاتەی لەم سەردانەیدا لە عیراقی وەرگرتوە وتویەتی ٠٠ وڵاتەکەتان بە ئاشکرا پێشکەوتنی پێوە دیارە لە هەموو بارێکەوە بە تایبەتی لە مەیدانی ئابووری‌و بازرگانی‌و پیشەسازی‌و خزمەتگوزاریدا ٠

هەروەها وتویەتی ٠٠ لەم سەردانەمدا سەبارەتی مەیدانی‌ی ئەم پێشکەوتنانەم کرد کە وەدیتان هێناون ئەویش بە هۆی سیاسەتی حکومەتی شۆڕش لە عیراقدا کە هەموو داهاتێکی وڵاتی خستۆتە پێناوی پەرەپێدانێکی فراوانەوە ٠

ئا٠ د٠ ع

Institut Kurde de Paris

دەفتەری میوانداری

دوێنێ بەڕێز لیبولد لیر وەزیری دارایی چیکوسلۆفاکیا چۆتە کۆشکی کۆماریو بەبۆنەی هاتنی بۆ وڵات ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە • هەروەها بەڕێز دحام عبدالرشید ئەندامی ئەنجومەنی دەیدەوانی دارایی چۆتە کۆشکی کۆماریو بۆ سوپاس کردنی سەرۆك بەدانانی لەو پایە تازەیەدا ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە هەروەها دکتۆر آزور نعمان خلف ئەمینداری گشتی بایەلوژی عەرەبەکان چۆتە کۆشکی کۆماریو بۆ دوعاخوازی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە • ئا• د• ع•

پرسەنامەی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار

سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بە بۆنەی ئەوەوە کە دوێنێ بەیانی خوشکی بەڕێز سەرۆك کۆمار احمد حسن البکر کۆچی دوایی کردوە پرسەنامەیەکی دەرکردوە •

سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار پرسەنامەی خۆی دەردەکات بە بۆنەی ئەوەوە کە دوێنێ بەیانی خوشکی سەرۆك کۆمار موهیب احمد حسن البکر لە ریکەوتی ٢٥ی مانگی رەجەبی ساڵی ١٣٩٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە کە ریکەوتی ٢ی مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٧٨ی زایینی دەکا •

تەرمی خاوینی دەبرێت بۆ دواهەوارگەی لە گۆرستانی کەرخ •• تەنیا لەلایەن کەسوکاریەوە دەنێژرێتو لە هۆڵی خولد بۆی دادەنیشن ئەویش لەسەعات شەشی ئێوارەوە تاوەکوو ٩ی شەو بۆ ماوەی سێ رۆژ •

طارق حمد العبدالله
جێگری سەرۆکی دیوانی
سەرۆکایەتی کۆمار

هەواڵەکانی کوردستان

● ئەنجومەنی گەل لە قەزای مەرکەزی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەری دەزگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا کۆبوونەوەیەکی بەستو لەم کۆبوونەوەیەدا باسی بێشنیارەکانی لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵو پەیوەندیو وەرزش کرا • هەروەها لەگەڵ لیژنەکاندا باسی بێویستیە رۆژانەکانی ژیانی هاووڵاتی‌یانی پارێزگاکە کراو لەگەڵ پێویستی راپەراندنیان بە گورجو گوڵی •

● رێکخراوی نەوجوانانی سەر بە دەزگای لاوانی هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ لیژنە ناوخۆییەکانی هەولێرو عەینکاوە ساز کردو لەم کۆبوونەوەیەدا باسی مەبەستەکانی رێکخراوەکە کرا لە بەشداری‌کردنیان بۆ راپەراندنی کاری میللی‌و راپەراندنی یاسای قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری•

رۆژی شەممەی رابوردوو بەرێوەبەرایەتی رێنمایی‌و هوشیاری جوتیاران لە پارێزگای سلیمانی لە بارەگای بەرێوەبەرایەتی‌یەکە دەورەیەکی بۆ هەرزەکارە دێهات نیشنەکان کردۆتەوە ، لە دەورەکەدا «٣٠» کەس بەشداری‌یان کردوە •

بەشداریانی دەورەکە بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو، دەرسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کشتوکاڵیان پێ دەوترێت سەرەڕای ئەوەی ئەو بەشدارانە دەبرێنە دەزگا کشتوکاڵی‌یە بەرهەم هێنەکان بۆ ئەوەی لەوبارەیەوە شارەزایی‌یان زیاتربێ •

● لە قەزای دوکانی پارێزگای سلیمانی ئەنجومەنی گەل کۆبوونەوەیەکی کردوە ، لە کۆبوونەوەکەدا بەرێز قایمقامی قەزاو هاوڕێیان ئەندامان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە قەزاکەدا بەشداربوون • لە کۆبوونەوەکەدا باسی گرنگی جێبەجێکردنی یاسای قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری‌و ئیجباری کردنی خوێندن کراوە ، هەروەها باسی ئەوەکراوە کە پێویستە هەموو لایەك هەوڵو تەقەلای خۆیان یەك بخەن بۆ جێ‌گەیاندنی یاساکە •

کۆڕێکی یەکیتی نووسەرانی کورد لە هەولێر

لیژنەی رۆشنبیری یەکیتی نووسەرانی کورد لە هەولێر سەعات شەشی ئێوارەی رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٥ـ٧ـ١٩٧٨ کۆڕێك سازدەکا کە تێیدا کاك عباس عبدالله یوسف باسێك بە ناونیشانی « نووسین‌و نووسین‌کاری » پێشکەش دەکا •

حامد علوان پێشوازی وەزیری گواستنەوەی کۆماری بنین دەکا

دوێنێ بەیانی بەڕێز حامدعلوان وەزیری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوەو جێگری‌وەزیری دەرەوە پێشوازی بەڕێز لیوبولد هاویا نێراوی‌سەرکۆماری گەلی بنین وەزیری گواستنەوە کرد •

لە چاوپێکەوتنەکەداوەزیری بەڕێز نامەیەکی دەست نووس بۆ سەرۆکی‌بەڕێز احمد حسن البکر وەرگرت کە لە لایەن بەڕێزماثیو کیریکو سەر کۆماری گەلی بنینەوە بۆی نێرابوو ••نامەکە پەیوەندی بە هاریکاری دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵاتەوە هەبوو •

کۆتایی هاتنی یەکەمین دەورەی دووهەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەوەی راگەیاندوە کە ئەندامەکانی هەمیشە ئامادەن بۆجێ‌بەجێ کردنی هەموو بڕیارەکانی سەرکردایەتی‌ی سیاسی حزبو شۆرش •

ئەمەش لەو بروسکەیەدا باس‌کراوە کە سەرۆکی ئەنجومەن بەڕێز محمد علی امین ناردوویەتی بۆ سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆرش بەبۆنەی کۆتایی هاتنی یەکەم دەورەی دووهەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە• ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ••

تەواوبوونی دەورەی یەکەمی دووهەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەهەل دەزانین بۆ ئەوەی ئەو پەڕی رێز و سڵاوی خۆمان پێشکەش ئێوەی بەڕێز بکەین بۆ ئەو هەموو چاودێری‌و پشتگیری‌یەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و دەزگاکانی ئەنجومەنی یاسادانان‌و راپەراندنتان کردوە •• ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە لەژێر سایەی شۆرشدا لە هەموو لایەنێکی ژیانیدا نەش‌و نەماو پەرەسەندن‌و پێشکەوتنێکی ئاشکرای بەخۆیەوە دیوە ئێستا کە گەورەترین کاری شۆرشگێرانەو ئالوگۆری شارستانێتی دێهاتەکانی لە ئارادایە ، کە ئەویش لە بنیات نانی گوندە نوێکان‌و نیشتەجێ کردنی جوتیاران لەو گوندانەدا خۆی دەنوێنێ ، ئەویش لەرێگای ئامادەکردنی هەموو هۆیەکی پێویست بۆ خۆش گوزەرانی‌و پێشەکی بۆ گوێزانەوەو هەنگاوان بۆ بەرەو سۆشیالیزم •

ئەی سەرۆکی بەڕێز رێگامان بدە کە هەموومان بەئەوپەڕی پتەوی‌یەوە ئەوەتان پێ‌رابگەیەنین کە ئامادەین بۆ بەجێ‌گەیاندن‌و جێ‌بەجێ کردنی هەموو بڕیارەکانی شۆڕش‌و حزبی فەرماندە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەموو مەیدان‌و لایەنێکداو لەبێش هەموویانەوە بەجێ‌گەیاندن‌و خستنەکاری یاسای هەرەوەزی نیشتمانی بۆ قەلاچۆکردن‌و نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و ئیجباری کردنی خوێندن • ئەم هەنگاوە شۆڕشگێڕیە گەورانەی لە سەرانسەری وڵاتەکەماندا دەنرێن هیچ کاتی دوژمنانی گەل‌و شۆرش‌و حزبە سەرکردەکەمان پێیان خۆش نی‌یەو دڵیان ئاوی لێ‌ناخواتەوە •

بە ناوی جەماوەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە دەنگی نارەزاییمان بەرامبەر ئەو جەمو جۆڵە گومان لێکراوە بڵند دەکەینەوە کە ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و زایۆنیزم بەمەرامی چارەسەری خۆبەدەستەوە دەرانە دەیکەن بۆ لێدانی شۆڕشی عەرەب‌و شۆرشگێڕان •

هەروەك دەنگی نارەزایی خۆمان بەرامبەر کارەپیلان گێری‌یەکەی رژێمی سوریا هەڵدەبڕین بۆ پاشگەزی نواندنی لە مەسەلەی فەلەستین‌و دەست تێوەردانێکی ئاشکرای لەلبنان‌و پشتگیری کردنی لە (یەمینی‌و) کۆنەپەرستەکان بۆ لێدانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی لبنان‌و هێزی بەرگری فەلەستین •

هەربژین وەك باوك‌و سەرکردەیەکی گەل‌و شۆرشە مەزنەکەمان هەربژین بۆ تێکۆشان •

لە بیرەوەری دەهەمین ساڵی شۆڕشدا چەندان پرۆژەی رێگاوبان تەواو دەکرێ

لەگەڵ ئاهەنگ‌گیران بە بیرەوەری تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر شۆرشی ١٧ی تەمموزدا وەزارەتی ئیسکان‌و ئاوەدان‌کردنەوە بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەك دادەنێ کە نرخەکانیان خۆی لە ١٧١ ملیون دینار دەدا •

لەو پرۆژانەی کە بەسەر پارێزگاکانی وڵاتدا دەبەش دەکرێت کۆمەڵێك رێگەوبان‌و خانووبەرەو پردو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو زێراب‌و زۆر پرۆژەی خزمەتگوزاری دیکەشن •

درێژی ئەو رێگاو بانانەی بەو بۆنەیەوە بەردی بناغەیان دادەنرێ دەگاتە ٨٣٠ کیلۆمەتر کە بەسەر پارێزگاکانی وڵاتدا بەگشتی‌و ناوچەی ژوروو بە تایبەتی دابەش دەکرێن •

ئەو پارەیەی لەم رێگاو بانە دەچێت لەگەڵ ئەو پردانەی لە سەریان دروست دەکرێن راستەوخۆ لەلایەن دەزگاکانی وەزارەتی ناوبراووە دەدرێ •

هەر بەو بۆنەیەوە بەردی بناغەی کۆمەڵێك خانووبەرەی نیشتەجێبوون دادەنرێت کە نرخیان دەگاتە ٣٨ ملیون دینارو وەزارەتی ئیسکان‌و ئاوەدان‌کردنەوە ئەم کارە جێ‌بەجێ دەکا •

وە لە کەرتی خانووبەرەی حوکومەتیدا بەردی بناغەی کۆمەڵێك پرۆژە دادەنرێ کە «٢٧» ملیون دیناریان تێ دەچێ •

لیژنەیەك لە وەزارەتی راگەیاندن بۆ ئاهەنگەکانی یادی دەساڵی شۆڕش

لیژنەی ئاهەنگ گێران بەبۆنەی یادی دەیەمی شۆڕشی ١٧ی تەموزەوە لەوەزارەتی راگەیاندن پرۆگرامێکی ئامادە کردوە بۆئاهەنگ‌گێران لە گۆڕەپان‌و باغچەکانی شاری بەغداو ژمارەیەك لە پارێزگاکانی وڵاتدا • ئەو ئاهەنگ‌گێرانەکە لە رۆژی چوارشەممەی داهاتووەوە دەست پێ دەکاوتا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێ گەلێ لە گۆرانی بێژە عیراقی‌و بێگانەکان‌و تیپی هونەری‌فۆلکلۆری هەڵبەرکێ‌و مۆسیقای تێدا بەشداردەبێت •

هەروەها چوارشەممەی داهاتوو لەکۆڕنیشی اعظمیەو عطیفیەو باغچەی ١٤ی تەموز لە کاظمیەو ابو نؤاس‌و رۆژی هەینی داهاتوو لە مدائن‌و « بحیرة الثورة »و سەیرانگای « الزوراء » و باغچەی « الامة » و رۆژی دەکشەممەی داهاتوو لە مدینة الحریة »و بەیاع‌و مشتل‌و شوعلە ئاهەنگی شەوانە رێك دەخرێ •

لە هەمان کاتیشدا لە ١١ی ئەم مانگەدا لە کۆرنیشی اعظمیەو عطیفیەو مەلبەندی لاوانی قەنات‌و لە ١٤ مانگیش لە دورەو زەورا ئاهەنگ دەگێڕدرێ •

کۆتایی هێنان بە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە هەولێر

دوێنێ لە پارێزگای هەولێرئەو میهرجانە گەورەیە تەواو بوو کە بۆ راپەراندنی‌یاسای قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە لایەن‌رێکخراوە جەماوەری‌یەکانی هەولێرەوە ساز کرابوو ،ئاهەنگی تەواوبوونی میهرجانەکە لە گوندی« شاویس » بە سەرپەرشتی بەرێز پاریزگاری هەولێرکراو لەم ئاهەنگەدا بەرێز سەرۆکی یەکیتی نەقابەکانی کریکاران‌و بەرێز جێگری مەکتەبی رێکخراوی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و سەرۆکی لقی هەولێر ئامادە بوون •

لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا ، لە لایەن لیژنەی راگەیاندنی مەرکەزی‌یەوە ، پاداشتی رێزگرتن بەسەر بەشدارەکانی ئەو میهرجانەدا دابەش کراو لە کۆتاییشدا بە ناوی هەموو بەشدارەکانی میهرەجانەکەوە ، بروسکەیەك ئاراستەی سەرۆکی فەرماندەو بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کرا •

پ• هاوکاری ـ هەولێر

کاروباری گورج‌وگوڵ بۆ تەواو کردنی گوندە نوێکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بۆ تەواوکردنی «٢٢»هەزار خانووبەرەی نوێ‌و دابەش‌کردنی بەسەرجوتیارانی ناوچەی سلیمانیدا هەوڵو تەقەللایەکی لەوزەمبەدەرخراوەتە کارەوە•ئەویش بەهیوای ئەوەی ئەم‌خانووبەرانە لەگەڵ ئاهەنگەکانی یادی دەهەمینی شۆڕشی١٧ی تەممووزدا دابەش بکرێن •

هەرەوەزی دروست‌کردنی ئەم گوندە نوێیانە بە گەورەترین هەرەوەز دەزمێردرێت لە ناوچەکەداو خانووەکانی دابەش دەکرێن بەسەر (١٧) گوندی نوێدا لە ناوچەکانی قەزای پشدەرو دوکان‌و پێنجوێن‌و دەربەندیخان‌و چوارتاو هەڵەبجەدا •

لەمانگی نیسانی رابوردووەوە دەست بەدروست کردنی ئەم گوندانە کراوەو بەخۆرایی دەدرێن بەجوتیاران، واچاوەروان دەکرێ کە سەرجەمی ئەم خانوبەرانە لە رۆژی ٢٠ی مانگی داهاتوودا تەواو بکرێن •• ئەوەی شایانی باسە «٣٥٢٩» لەم خانوبەرانە بەسەر (٨) گوندی هاوچەرخدا دابەش دەکرێن لە پارێزگای هەولێر دەوروبەری هەزار خانووبەرە لەگوندی نوێی هەریر هەروەك لە ٢٥ی ئەم مانگەدا (٤٧٩) خانووبەرە دابەش بەسەرگوندەکانی ستازی‌و سوریدا لەقەزای ئامێدی دەکرێ ، وە (٢٢٢١) خانوبەرەش (١١) گوندێك دەهێنێ لە ناوچەکانی پارێزگاکەدا دابەش دەکرێن •

یەکەمین ئۆردوگای کچانی کوردستان

ئەمینداریتی رۆشنبیری‌وڵاوانی ناوچەی کوردستان ـ بەرێوەبەرایەتی وەرزش‌وڵاوان ـ لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین یەکەمین ئۆردووگای بۆ کچەکانی کوردستان لەژێر دروشمی(بۆ هەوڵدانێکی زیاتر لە هەموو لایەنێکدا بۆ گورجی‌ـکردن لە رزگارکردنی ئافرەتان‌دا بۆ ئەوەی جێگای‌شیاوی خۆیان لە کۆمەڵدا بگرن) کردۆتەوە •

ئۆردووگاکە لە لایەن بەڕێزمامۆستا عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتی‌ی ئەمینداریتی رۆشنبیری‌و لاوانەوە کراوەتەوە • بەرێز مامۆستا محمد امین محمدو هەندێك لە کاربەدەستانی تر بەشداری کردنەوەی ئۆردووگاکەیان کردوە •

لە سەرەتاوە بەڕێزان کاربەدەستان پێشانگای کچەکانی سلیمانی‌و دهۆك‌و هەولێریان بەسەر کردەوە ، دوای ئەوە بەڕێز ئەمینداری گشتی‌ی رۆشنبیری‌و لاوان بەو بۆنەیەوە وتارێکی خوێندەوە . هەروەها خاتوو بەروین مجید عبدالصمد فەرماندەی ئۆردووگاکە وتارێکی خوێندەوە •

دوای ئەوە بەڕێز عبدالغفار الصائغ دەربارەی ئۆردووگاکە وتی ••

لەراستی‌دا کردنەوەی ئەم ئۆردووگایە بە پەکەم دەست‌پێشکەری دەزمێردرێت لە دەست‌پێشکەری‌یەکانی ئەمینداریتی گشتی‌ی رۆشنبیری‌و لاوان وە یەکەمین ئۆردووگایە کە کچەکانی پارێزگاکانی ناوچەی تێدا کۆدەبێتەوە ، ئێمە لەوە دڵنیاین کە ئەمە دەبێتە بەکەم هەنگاو بۆ کردنەوەی ئۆردووگای‌تر ، مەبەست لە کردنەوەی ئەم جۆرە ئۆردووگایانە ئەوەیە کە سەرنجی کچەکان بەرەو مەسەلە گشتی‌یەکان راکێشین •• مەسەلەی ئالوگۆڕی کۆمەڵ کە نیشتمانەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێ •

پرۆگرامی ئۆردووگاکە بریتی دەبێت لە گێرانی ئاهەنگ‌و پێشبڕکێی وەرزش کاری‌و دەرسی رۆشنبیری‌و نیشاندانی فلیمی سینەما •

هەرەوەزکاری لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

رۆژبەرۆژ بەشداری‌کردنی‌قوتابیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەبەرەوو زیادبووندایە لە بەرەورووچونی بنیاتنانی سۆشیالیستی ئەویش بە گوێرەی روانگەی حزبی فەرماندەو ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧ی تەممووز •

لەو بارەیەوە بەڕێز حسن حسین سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان‌وئەندامی مەکتەبی راپەراندنی یەکێتی‌ی نیشتمانی قوتابیانی‌عیراق وتوویەتی •• بەپێی نەخشەی یەکێتی‌ی بۆ کاری‌هاوینان •• لقی یەکێتی‌ی لە هەولێر لە دەشتی هەریداهەرەوەزی کاری میللی پێك‌هێناوەو پتر لە ٥٠٠ر١قوتابی کوڕو کچ لەو هەردوزی کاری میللی‌یەدابەشداری ئەکەن •

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

دوێنێ بەیانی بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندن‌سەرۆکایەتی سیانزەهەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی کردوەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێك دەرکرا ••

١ ـ ئەنجومەن بڕیاری تەرخان کردنی ١٠٠٠٠٠ دیناری دا بۆ هێنانی ئامرازی سپێر بۆ دەزگای گواستنەوەی هاتووچۆ کەران لە دهۆك‌و قیرتاو کردنی چەند گۆڕەپانێك‌و کڕینی پارچە زەوی‌یەك بۆ دروست کردنی دایەری بشکنیتی دەزگاکە • هەروەها بڕیاری‌دا ئەو پارەیەی کە لە لایەن وەزارەتی دارایی‌یەوە تەرخان کراوە بۆ دەزگاکە کە «٣٢٣٣١» دینارە بەسەر دەزگاکەدا دابەش بکرێ •

٢ ـ بڕیاری‌دا کە ٣٠٠٠ دینار تەرخان بکرێ بۆ ئەمانەتی گشتی بەرێوەبردنی دارایی‌و ئابوری بۆ کڕینی کەل‌و پەلی دائیرەکانی ئەو ئەمانەتە •

٣ ـ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی بەرێز موسی عبدالصمد ئەمینداری گشتی پەروەردەو خوێندنی بەرزو ئەندامێتی ئەمینداری گشتی کشت‌و کاڵو ئەمینداری گشتی گواستنەوەو هاتۆچۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامێری چاپ کردنی کوردی‌و چەسپاندنی تیپەکانی •

٤ ـ تەرخان کردنی ١٣٠٠ دینار بۆ دایەرەی نفووسی هەولێر بۆ کڕینی کەل‌و پەلی پێویست •

پ• هاوکاری
لە هەولێر

« هاوکاری » و کومەڵانی خەڵك

● **تێبینی**

زیاد لە جارێك لەم گۆشەیەدا ئەوەمان بڵاوکردۆتەوە کە ئەو نامانەی سەبارەت بە هەندی تێبینی‌و پێشنیاری هاوڵاتی‌یان دەیانخەینە پێش چاوی کاربەدەستان دەربارەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، هەرگیز مەبەستی ئێمە ئەوەنی‌یە کە ئەو کاربەدەستانەی ئەو جۆزە باسانە دەیانگرێتەوە تووشی نارەحەتی‌یەك بێن وەیا گلەیی‌و قسەیان بێتەسەر •• بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێمە دەمانەوێ لە هەندێ شت ئاگاداریان بکەینەوە کە بەلای هاووڵاتی‌یانەوە گرنگە تا بەگیانی دڵسۆزانەوە چارە سەرێکیان بۆ بدۆزنەوە •• بەڵام دەسەڵاتی ئێمە چی‌یە کە هەندێ لەو هاووڵاتی‌یانەی نامەمان بۆ دەنێرن گزی لەو باوەڕەی ئێمە دەکەن کە پێمان داون‌و جاروبار بەهەڵەماندا دەبەن ••

ئەوەندە هەبە کە بەو دەزگایانەی دەوڵەت بگەیەنین کە بەناحەق زەخنەیان لێدەگیرێ ئەویش لە ئەنجامی هەندێ نامەی ئاراستەوە کە پێمان دەگات •• وەك مرۆڤی مرۆڤ هەیە •• مرۆڤیش هەیە کە ژیانی بە ئازاردانی خەڵکی‌یەوە بەندە •• (چەمیش بێ چەقەڵ نابێ) •

هاوکاری

● **وەڵامی بەرێوەبەرایەتی شارەوانی‌ی هەولێر :**

لە ژمارە (٤٢٧)ی هاوکاریدا دەربارەی شاری هەولێر نامەی هاووڵاتی‌یەکمان بڵاوکردەوە کە چەند سەرنجێکی خۆی دەربارەی ئەو شارە دەربڕیوە ••

شارەوانی‌ی هەولێر بە نووسراوی ژمارە (٢٦٩٠٣)ی رۆژی ٥ی مانگی حوزیرانی ساڵی ١٩٧٨ وەڵامی ئەو هاووڵاتی‌یەی داوەتەوەو ئەمەش تەواوی ئەو نووسراوەیە ••

١ ـ بازاری قەسابەکان ـ رۆژبەرۆژ هەمو حوڵو زبێکی ئەم بازارە لادەبرێت‌و خاوێن دەکرێتەوە . بەڵام لەبەر ئەوەی بازارەکە زۆر قەرەباڵغە دوای پاك‌کردنەوە ماوە نامێنی بۆ بەردەوام‌بوون لە کاری پاك کردنەوەدا •

٢ ـ دەربارەی بڕگەی (٣)ی نامەی هاووڵاتی‌یەکە سەبارەت بە قەڵای هەولێر ـ لەو بارەیەوە لە لایەن مەکتەبە راوێژکاری‌یە عیراقی‌یەکان‌و چەند پسپۆرێکی بێگانەوە لێکۆڵینەوەیەکی تەسەل ئامادەکراوەو ناونراوە (پرۆژەی پەرەپێدانی قەڵا) بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە قەڵا دەبێتە شارێکی گەشت‌و گوزاریی بۆ ئەم کارەش پارەیەکی پێویست تەرخان‌کراوە ، بۆ ئەوەی بەرە بەرە ئیشی لێ‌بکرێت‌و هەر جارەی لایەکی تەواوبکرێ • لەوانە دەروازەی زاڕەوی زووروی کە (١٨٠) هەزار دیناری بۆ تەرخان‌کراوە•تاوەکوو ئێستا پایە کۆنکرێتەکانی تەواوکراوەو ماوەیەکی کەش دەست بە هەڵچنینی دەکرێت ، وە لە داوێنی قەڵادا جۆرگاوی تێداکراوە بەو نیازەی دارو درەختی هەمیشە سەوزی لێ بنێژرێ . هەروەك تاوەکوو ئێستا (١٢٠) خانووش ئیستیملاك‌کراوە ، ئەویش بە مەبەستی کردنەوەی دووشەقامی تیك‌هەڵکێش لە گەڵ دروست‌کردنی چەند گۆڕەپانێك ، ئەویش دەستی پێ دەکرێت کاتێ ئیستیملاکی خانووەکانی تر کرا کە دەکەونە رێگی ئەم دوو شەقامەوە ، بەمەدا دەردەکەوێ کە لە پرۆژەکەدا کار بەردەوامە •

٣ ـ دەربارەی بڕگەی (٤)ی نامەکە • لە زۆر ناوچەی شارەکەدا زێراب‌هەیە بۆ ئاوەڕۆکەی بارانو بەگوێرەی ئامۆژگاری لایەنە پسپۆرەکان ناکرێ بخرێنە سەر زێرابی ئاوی پیس ، پارەیەکی ئێجگار زۆر بۆ پرۆژەی زێرابی ئاوی پیسی تەرخان‌کراوە ئەویش وەك قۆناغی یەکەم •• کاتێ ئیش‌و کاری تێدا تەواوبوو ، دەکرێ هەروەك شاری بەغدا هەموو زێرابی ئاوی پیسی بخرێتەسەر •

٤ ـ سەبارەت بە بڕگەی (٢)ی نامەکە دەربارەی ئەوەی لە سینەماکانی هەولێر زۆر لەو فلیمانەی نیشان دەدرێن کۆنن یا لەمەوبەر چەند جارێك نیشان‌دراون •• ئەم کارە بەیوەندی بە بەرێوەبەرایەتی هێنانی فلیمی سینەماوە هەیە•

بەرێوەبەری شارەوانی
هەولێر

Institut kurde de paris

پارێزگای سلێمانی خۆی بۆ خوێندنی ئیلزامی ئامادەکردوە

شان بە شانی پارێزگاکانی تری وولات پارێزگای سلێمانیش لە پێناوی چەسپاندنو سەرکەوتنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواریی و خوێندنی ئیلزامیدا هەوڵێکی تەواوی لەم رووەوە داوە ، بۆسەلماندنی • ئەمەش دەیبینین هەتا ئێستا نزیکەی (١٣٠) قوتابخانەی یەك پۆلی و دوو پۆلی لە تێکڕای ژمارەی (٢٩٣) قوتابخانە لەرێگای کاری گەلی یەوە لە زۆر ناوچەی جۆر بەجۆری پارێزگادا بەنرخی (٢٫٥) ملیون دینار دروست کراوەوە لە نێوان مانگی ئابدا تەواو دەبن •



محمد پیرۆز رستم

محمد امین پنجوینی



مهدي غفور شريف

حبيبة صالح كريم

ئەژی گۆران

كمال مكورجي

نجم الدين سعيد

هەروەها ئیدارەی ناو خۆ لە پارێزگای سلێمانیدا ئەرکی دروست کردنی (١٢٠) قوتابخانەی ٤ و ٦ و ٩ و ١٢ پۆلی دەکێشێت ، هەر لەم رووەوە موناقەشەی دروستکردنی (٢٠) قوتابخانەی تر بە مقاویلەکان دراوە ئەوەش بەم نزیکانە دەستی پێدەکرێت •

دەربارەی ئەم یاسایە بەڕێز محمد پیرۆز رۆستم بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی دەڵێت :

دەرچونی یاسای خوێندنی ئیلزامی و قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری نیشانەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی بەرەو پێشەوە چونی رۆشنبیری گەل و نیشتمانەکەمان ، هەروەها ئەم یاسایە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبێتە هۆی سەرگرتنی نەخشەی گەشەداری فراوان بۆ رەخساندنی ئاواتو خواستەکانی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی یەکگرتوی سەربەست •

پاشان دەربارەی نەخشەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بە چەسپاندنو سەرکەوتنی یاسای خوێندنی ئیزامی بەڕێز محمد بیرۆز ووتی : هەتا ئێستا شەش دەورەمان بۆ کادێرەکانی پەروەردەیی کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە مەلبەندەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریدا کار بکەن وە لەم رووەشەوە ئەخشەیەکی فراوانمان کێشاوە •

پاشان مامۆستا کمال مکورجی بەڕێوەبەری نەهێشتنی نەخوێندەواری ئیلزامی و فێرکردنی گەورە لە پارێزگای سلێمانی ووتی : دەرکردنی ئەم یاسا نوێیەی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، هاتنێکی ئەو تێڕوانینە چاوەڕێ لێکراوەیە کە کارگێڕانی ئەم پرۆژەیە لە مێژەوە چاوەڕێیان دەکرد ، چونکە یاسای هێرشی نیشتمانی فراوان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ئیلزامی یاسایەکی شۆرشگێڕانەیەو زیاتر بایەخو گرنگی دەخاتە سەرکارەکەمان • پەیرەوی کردنی ئەم یاسایە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریەکی تەواوی کۆمەڵەکەمان لەبنەڕەتەوە بۆ رزگار بونمان لەو کۆتو پێوەندە رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان لەدێر زەمانەوە خستبویانە رێگامان • وە ئەم یاسا مێژوییە بە نرخە چارەسەری زوربەی ئەو گیروگرفتانەمان دەکات کە لەم رێبازەدا توشمان هاتوە •

ئەوەی شایانی باسە لەرووی خۆ ئامادە کردنەوە بۆ ئەم کارە نیشتمانییە پێویستە زیاتر لە (٣) هەزار مامۆستا لە پارێزگا کەماندا ئامادە بکەین کە نیاز وایە لە رۆژی ١-١٢-١٩٧٨ وە پێشوازی یەکەم کۆمەڵەی نەخوێندەوارەکان بکەین • وە تا ئێستاش چوار دەورەمان کردۆتەوە هەروەها لە رۆژی ٦-٦-١٩٧٨ دا پێنجەم دەورەمان ئەکەینەوە کە (١٥٠) مامۆستای ئافرەت و (٦٠) مامۆستای پیاو بەشداری تیا ئەکات •

هەروەها مامۆستا مهدی غفور شریف نەقیبی مامۆستایان لە پارێزگای سلێمانی رای خۆیانی دەربارەی یاسای خوێندنی ئیلزامی بەم چەشنە دەربڕی :

یاسای فێرکردنو خوێندنی ئیلزامی یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی شۆڕشی (١٧)ی گەلاوێژی پێشکەوتوخواز ، ئەم یاسا گرنگە شۆڕش گێڕیەو جێبەجێ کردنی بڕ گەکانی کارێکی کاریگەرو بە ئەنجامە بۆ پێشکەوتنی وولاتی عێراقو چەسپاندنی هەموو دەستکەوتەکانی کەی شۆڕش ، هەروەها باشترینو کوشندە ترین چەکە لەروی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانا • هەنگاوە پیرۆزەکانی شۆڕش بە ئامادەکردنی هەموو پێویستیەکانی جێبەجێ کردنی یاسای فێرکردنی ئیلزامی باشترین بەڵگەیە لەسەر سواوربونی سەرکردایەتی سیاسیمان بۆ بەدەست هێنانی باشترین ژیان بۆ جەماوەران گەلەکەمان لە وولاتدا •

لەلایەکی ترەوە دەستەی نوسەرانو ئەدیبانمان لە بارەگای یەکێتی نوسەرانی کورد ـ لقی سلێمانی دەربارەی ئەم یاسا تاقانەیەمان ووتیان :

سەبارەت بە خوێندنی ئیلزامیو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو ئەم جموجۆڵە بە گوڕەی دەسەڵاتی شۆڕش سەرکردایەتی دەکات بەلای نوسەرو خاوەن پێنوسی کوردەوە ، بە دەسکە گوڵی هەموو دەست کەوتە نیشتمانیەکانی دەزانین ، هەروەك لەباری نەتەوایەتیمانا وەك کوردێك ئەوەی بڕوامان پێیەتی ئەوەیە کە تێگەیشتوین دەردی کوشندە لە ناومانا تەنها نەخوێندەواریە ، چونکە نەخوێندەواری ئەو هۆیەسامناکەیە کە هۆیەکانی کەی دواکەوتن دروست دەکات بۆیە ئەگەر لەهەر نوسەرێکی کورد داوابکرێ کە بە شداری راستەو خۆ بکات ئامادەیە ، وە یەکێتیمان ئامادەیە لە نیشتەجێی خوێندا پۆلێك بکاتەوە هەرچۆنی لایەنە شارەزاکان بە پەسندی بزانن ، وە هەربەم بۆنەیەوە بڕیارمان داوە کە کۆڕێکی شیعر سازبکەینو ئەندامانی یەکێتی بەشداری تیا ئەکەن •

★ ★ ★

هەروەها مۆستا محمد امین پێنجوینی بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە پارێزگای سلێمانی لەم رووەوە ووتی یاسای خوێندنی ئیلزامی هەنگاوێکی گەورەیە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشەوە نراوەو دەستکەوتێکی کەی مەزنە بۆ گەلو نیشتمانەکەمان ، بێگومان لە هەر وولاتێکا ئەم یاسایە دەربچێت و بەجوانی بەڕێوەبیرێت مانای ئەوەیە بەرەو قۆناغو لوتکەی سەرکەوتنو پێشکەوتن دەڕوات ، وە ئەمەش پێویستی سەرشانی هەموو هاووڵاتێکی رۆشنبیرو دڵسۆزە ، چونکە لەناوبردنی نە خوێندەواری ئاشکرایە دەبێتە هۆی پێشکەتنی میللەتەکەمان ، لەم رووەشەوە تا ئێستا هەرچ کۆڕو میهرەجانێکمان کردبێت بەشێکیمان بۆ ئەم کارە مێژویە تەرخان کردوە ، بۆ ئەم مەبەستەش شانۆگەریەکمان لە نوسینی عمر علی امین و سەرپەرشتی کردنی کاك فؤادو حسن تەنیا بۆ دەزگای تەلەفزیۆنی تامیم ئامادە کردوە کە بەشێوەیەکی ئاسان لایەنەکانی خوێندنی ئیلزامی روون دەکاتەوە •

هەروەها چەند پۆستەرێکمان ئامادە کردوە بۆ ئەوەی لە پێشانگای پۆستەرەکەماندا بڵاوی بکەینەوە جگە لە ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆری لافیتەو دروشمو نوسینی سەرکاتۆن لەم بارەیەوە •

★ ★ ★

هەر لەم رووەوە خوشکە حبیبە صالح کریم سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق ـ لقی سلێمانی شانازی یەکێتی ئافرەتانی سلێمانی دەربارەی ئەم یاسایە دەربڕی و لەم رووەوە ووتی : یەکێتیمان لەم رووەوە نەخشەیەکی کێشاوە بۆ ئەوەی کادێرەکانی بەسەر ناوچەکانی پارێزگادا بڵاو بکاتەوە بۆ سازکردنی زنجیرە کۆرێك دەربارەی لایەنە شۆڕشگێڕیەکانی ئەم یاسایە لە نێوان ئافرەتانی دێهاتەکانی پارێزگادا •

★ ★ ★

دواجار کاك نجم‌الدین سعید سەرۆکی یەکێتی هەرەوەزی جوتیاران لە سلێمانی ووتی : بێگومان ئەم یاسایە زیاتر لەناو چینی جوتیارانا کاریگەر تر دەبێت ، چونکە ئەو ماوە دوورودرێژەی کە چینی جوتیاران لەژێر قەمچیو پێوەندی زۆرداراندا کۆنەپەرستانا بەسەری برد ، بوە هۆی بڵاو بونەوەی نەخوێندەواری بەشێوەیەکی ترسناك ، بۆیە لە ئەم رۆی عێراقی شۆڕشدا زۆر دڵمان خۆشەو هیوامان بەم یاسا مێژوویە قەلایەکی پۆڵایینە ، وە ئێمەش بەڵێنمان داوە لەم رووەوە زیاد لە پێویست هەول بدەین بۆ ئەوەی لەسایەی شۆڕشی ١٧ی تەموز بکەیەنینە دێهاتەکانی کوردستان • بۆ دووپاتی ئەمەش هەتا ئەمڕۆ نزیکەی (١٠٥) کۆڕمان لەمانگی رابوردودا سازکردوەو لە هەر کۆڕێکیانا نزیکەی (٣٠٠) خێزانی جوتیاران هاوبەشی تیا کردوە •

فریا عبدالله
پ• هاوکاری لە سلێمانی

بۆ گیانی پاکی عثمان محمد فائق

پەری رۆژنامەت بۆچی واچۆڵ کرد
گشت ئازاروو ژان هەمووت بۆ گل برد
بۆچ رۆژنامەکەت بۆچی شیواندم
بۆچ دەردی دلت لەگشت کەس گەیاندم
بەلام لەپاش تۆ گشت ماتمیان گرد
کەکاتێ تەرمیان بۆ ناو گل برد
پەرەی رۆژنامە بەرەشی نووسرا
بۆ چلەوماتەم ماتەمت گیرا
ئێستاش واتە چووی لەبیری هیچ کەس
ژیانت باخۆش بێ باخۆش بێتن بەس
بەلام لەپاش تۆ نەیان هێشت بڕوا
رۆژنامە جوانەکەت هیچ کات تەدڕا
هەزاران سەلاو لەگیانی پاکت
ئێمەش ماتەمین وەك براوکاکت

خالید گوشاد
هەولێر

محمد حوزنی ژیان و هۆزانان و دانا

● عبدالرحمن مزوری ●

لسەر رفاتك و ناف کولەکێت مزگەفتێت کوردستانێ ، مشە زانایێت پێفەهاتی نقستینە •• تەپو تۆزێ ناف و نیشانێت وان ژ بەرکو دەستنڤیسا داپۆشینە •• ئەو چاوەروان و چاڤرێ دەستەکێ دڵسۆزو خەمخورن ، تۆزێ ژ چاڤێت وان بشۆت •• زلکی بەردەتە خەتیرا نەهەلکریا ژینا وان •• تاجا ڤەژین و ساخکرنێ ژنو لسەر سەری دانیت •• جاهێزاو هەژی محمد طاهر حوزنی ئێکە ژوان هندابوی و نەپەنیا •• ئەم گۆتارا خو لسەر دێ هوسا دابەشکەین ١٠ ـ **هژمارتنا سالان :**

محمد طاهر کوڕێ شێخ مستەفا بریفکانییە •• سالا ١٢٩٦ ك / ١٨٧٨ ز لگوندێ (رکافا) هاتیەدنێ •• گەلەك دەفەران گەڕیایە ژبو خرڤەکرن و کۆمکرنا زانین و زانستێ مینا :

بادنیان و میسل و هەولێرو شەقلاوەو راوەندزو سلێمانی و ئیران و تورکیا ژی •• دبێژن (١٣) سالان ئالێ سلێمانیێ مابو بدنیائێ ڤە نەدهاتە مال ، پاشی دگەل هەڤالەکێ خو تێنە ـ رکافا ـ و دەبکا وی نەنیاسی و ئەڤ پەیڤتنە تێتەکرن :

ـ ئەرێ پورێ ئێمە فەقێین تۆزە نانمان نادەیتێ ؟

ـ سەرچاڤا بەلێ هوین خەلکێ کیرێنە ؟

ـ خەلکی دەورو بەری سلێمانین •

ـ پا هون کوڕێ من نانیاسن فەقی یە لوێڤە ؟

ـ نەخێر ! ناوی چیە ؟ بزانە نەوەکو من بم یا رەفیقەکەم ؟ پاشی ئێك و دو تێنە دەرێ ، دچنە سەرێ ئێك !•• ئەها واسی و وەتۆڤ ئەفی هێژای زانین و خاندن کۆمکری یە •• شەهادەتناما خو ژ دەست ـ شێخ عبدالله الرضوانی ـ سەرگەفازێ زانایێت میسل وەرگرتیە •• چیگاڤا میسلیان تشتەك دحەدیث و زانینا دینی دا نەبربا سەری دابێژن پسیارا ـ طاهر افندی الکردی ـ بکەن ! کو ئەوان واسی نائێ حوزنی دبر •

سەیدائێ ـ حوزنی ـ دەرسێت ئۆلی و دینی لگەلەك مزگەفتان گوتینە وەکی : مزگەفتا شێخ عبدالله الربتکی المدرس دیسان مزگەفتا رابعە خاتون الجلیلە •• سالا ١٩٦٧ ز یێ چویە بەر دلوفانیا خودێ پشتی نێزیکی (٨٩) سال تەمەن برین •

٢ ـ سیبەرا سیهوانێت سەیدایان :

هێژا محمد طاهر حوزنی دەرسێت دینی و ئۆلی لجەم گەلەك زاناو ئێکانەیێت زەمانی خو خاندینە وەکی : زانایێ بلند مەلا سەلیم زاویتەئی قازیێ ـ ئەترویش ـ دەمێ دەولەتا ئۆسمانلیا ، ئەوێ سالا ١٣٣٥ ك / ١٩١٦ ز چویە بەر دلوفانیا خودێ •• دیسان شێخ صالح ئێتویتی ، ئێك ژ نەفێت سۆفیێ مەزن ـ شمس‌الدین ئەخلاطی ـ و خودانێ پەیڤتن و بەرێکانیا بناڤودەنگ دگەل هۆزانڤان حاجی قادر کۆڤلی کو ئەڤە دەستپێکرنا وێیە :

کۆڤلی :

شێخ صالحێ ئێتویتی
تو د علمیدا موحیطی
مال من کەتە زك حیتی

ئێتویتی :

حەجی قادرێ ئەمینە
قێ شوولێ نەفع نینە
گوتنا تە ئەساس نینە

براستی و مخابن ئەم نافێ سەیدائیت ـ حوزنی ـ ئەوێت لدەفەرا هەولێرو سلێمانیێ •• دەرس گوتینێ نزانین ، بتنێ ئەم دزانین شەهادەتناما خو ژ دەست ـ شیخ عبدالله الرضوانی ـ ئێك ژ کەنکەنە زانایێت میسل وەرگرتیە ، کو ئێکێ مینا مەلیك (فیصل)ی دەما دهاتە میسل ، سەرەدانا (رضوانی) ژبیر نەدکر •

٣ ـ حوزنیێ هۆزانڤان :

بلیمەتێ بێ بەڤل (ئیمامێ شافیعی) د هۆزانەکا خودا دبێژیتن :

ولولا الشعر بالعلماء یزری
لکنت الیوم أشعر من لبید

جا بهزرا من سەیدائی (حوزنی) لدیف کۆمکرنو خرڤەکرنا زانینو زانستا ئۆلی گەڕیایە •• ژ روبارێ بووشێ حەدیثو فقەو تەفسیران ڤەخاریە •• لەوڕا چو گرنگی نەدایە هۆزان رستنو ڤەهاندنێ •• ئەوێت ڤەهاندین ژی ژبەر ئەگەرا زڤراندنا خەلکی بو سەر رێکا راستو درستا دینێ ئیسلامێ ڤەهاندینە •• بو بەلافکرنا چاکیێو یەکسانیێو دادپەروەریێ ڤەهاندینە ••• جا شیعر گرنگ نینە ، یا گرنگ هیڤیو ئارمانجە ••• مخابن بتنێ دوو هۆزانێت وی بەدەست مە کەتینە ، ئەڤە سەرێ ئێکێیە :

گوهبدمن من یارو برا
دا ئەز بەیانکەم ماجەرا
روونکەم دلان وەکی چرا

موطیعێ نەفس و شەهوەتێ
دڤێ هۆزانا بوریدا ، ناسنامێ شاعرێ مە کو (حوزنی)یە د مالکێت دیماهیدا واسی هاتیە :

ئەڤ (حوزنی)یێ دل سۆتیە
شعرەك مومبارەك گوتیە
بئەزمانێ خوئێ کوردیە
لخەلکی دکەت نەصیحەتێ !

ئو دەستپێکرنا هۆزانا دووێ ژی دیسان بڤی رەنگیە:

ئەی گەلی یارو برادەر
گوهبدمن ڤێ قصەتێ
گوهبدێرن جوملە یەکسەر
ورنە رێکا ئاخرەتێ

حەتا دبێژیت :

(حوزنی)یا بوچی وەناکی
تەرکا ئەولادو براکی
قەستا رموضا مستەفاکی

بیبە کولێ خیدمەتێ
(حوزنی) دڤان هەردو هۆزانێت خودا گەلەك نێزیکی رێکو کێشا (فەقێ تەیران) دبە بتایبەتی د چیرۆکا (شێخێ صەنعانی) دا •• دیسان باپیری وێ مەزن ـ نورالدین بریفکانی ـ ژی ، هۆزانەك ژوی رەنگی هەیە تێدا دڤەرموت :

ئەی گەلی ئەهلێ جڤاتێ
گوهبدمن ڤێ نەصحەتێ
دا حاصل کەن هون ئەجاتێ
قەت نەبینن زەحمەتێ

حەتا دبێژیت :

عەبدێ کو ئەڤ ئینشاکری
مۆشتاقێ (عبدالقادری)
مەولود (بریفکانی) ئاخری

(ئێتوتە) ساکن موددەتێ
عەبدێ کو ناڤ ب (نوری)یە
شیعرا موبارەك گوتیە
وەختێ زەمان لێ بووریە
دووربو ژ نەبێ ئومەتێ

دیماهیێ هیڤیدارم ئەز پیچەك شیابم تۆزو گەرێ ژ دەهمەنێت شوڕێت ڤی ژیهاتیو پێڤەهاتی داقوتمو هەلتەکینم •

دێ دوبێ گەڤێ

دێ توچیو
دێ من هێلی
ژ پاشی‌تە
ئەز چ بکەم
چ داخازکەم ••
چ هەوارو
گازی بکەم •
هێدی هێدی
بۆکێ بێژم
دەردێ دن
بو برێژم

★ ★ ★

دێ تو چیو
دێ من هێلی
ژ پاشی تە
پە راستیە ئەڤین جانێ
ئەو ژیانو ئەو یادگار ـ
ئەو دیاریو ئەو پەیمان
ئەو بهارو ئەو سەیران
دێ هەرمینت
ئەو ئەڤینی
وەك ئەڤینا مەمو زینی

★ ★ ★

دێ تو چیو
دێ من هێلی
ژ پاشی تە
تڤێت توژی بزانی
فیانا من ••
هەر بۆتەیە
دێ بۆتە بیت
هەتا توژی دیربکەڤی
دێ هەر بێژم
هەتا بمرم
یادگاراتە •••
د ئێهەر مینیت
قەد نامریت

مهدی طاهر

Institut kurde de Paris

باخی بەختیاری لـــە سلێمانی

لەباخی سلێمانی‌دا

بۆ دارستانی تامتی کردنەوەی زانستی پێشکەوتو

● بەشی لێکۆڵینەوە ●

بە دووری ١٢ کیلومەتر لەدەرەوەی شاری سلیمانیـــداو لای راستی رووباری قلیاسان، یان لـــە دووریانەکەی ریگای کەرکـــوکەو بەکرەجۆدا ، باخێکی گەورە هەیە ، کە باخی « بەختیاری » پێ دەڵێین ، ئەم باخە ، لە دەمێکەوە ، جێگای ســـەیرانو جێی حەوانەوەو پشوی سەیران‌کەران‌بووە ، لە رۆژانی بەهاردا • ئیســـتا ،چواردەوری دارســـتانە فراوانەکەی باخی بەختیاری بەتەل پەرژین‌کراوەو لـــە ناوەوەی دارســـتانەکەدا ، بەچالاکیەکی گورجو گۆلانە ، کارگیرانێکی زۆر هەڵئـــەسوڕێنو •• لێـــرەوە •• دەردەکەوێت ، کـــە باخی بەختیاری دەبێتە پرۆژەیەك ••

یان نەخشەدانراوە •• بکرێ بە چەند پرۆژەیەك کە چوینە باخەکەوە ، دیمـــان رێ‌رەوی‌هونەری جوان لە نێـــوان ریزە دارەکاندا درووست‌کراوەو لە ناوەراستی باخەکەشـــدا

دوکتور رسول حمزە

باخەکەدا لە گەڵمانا دانیشتو بەوردی باسی هـــەو سێ قوناغەکەی ئیش‌کردنی ئـــەم پرۆژەیەی بۆ روون‌کردینـــەوە ووتی :

ـــ بەشتێك لە دارستانەکەی باخی بەختیاری (بـــۆ ئاگاداری باخەکە زۆر گەورەیە •• ئەو رێگا سەرەکیەی کـــە کاتی خۆی کراوەو شـــاری ســـلیمانی بە شـــاری کەرکووکەوە دەبەســـتێ ، باخەکەی کـــردوە بە دوو کەرتـــەوە ـ هاوکاری ••) تەرخان دەکرێت بۆ باخچـــەی زانکوی سلیمانیو بۆ ئـــەم مەبەستە (٣٠) هەزار دینار دانراوەو کارکردن بۆ ئـــەم مەبەستە وەك ئەبینن دەستی پێ‌کردوە ، لـــە پێشەوە ، دەورو‌پشتی ئەو بەشـــەی دەکرێتە باخچەی پشو سەیران وەك دەبینن بەشـــێوەیەکی هونەری ریکو پێـــك پەرژین‌کراوەو بەشێیی زۆر لـــە رێ‌رەوەکانی ناو باخچەکـــەش تەواو بوە ، ئیستا وەك دەبینن خەریکی دروست‌کردنی شانۆیەکین لە ناوەراستی باخچـــەکەداو ئەویش بەم زوانە تەواو دەبێت ودوای ئەو کاروباری هێنانی ئاوو کارەبا دەســـت‌پێ‌دەکات •

باخچەیەکی زانســـتی رووەك‌و درەختی نموونەیی

دوکتور رسول حمزە پێی راگەیاندین کـــە بەشێکی تری باخی بەختیاری تەرخـــان دەکرێت بۆ پێك‌هێنـــانی باخچەیەکی رووەك‌و درەختی نموونەیی ، بۆ ئەم مەبەســـتە خەریکی کوکردنەوەی نموونەی رووەك‌و درەختە نموونەییەکانن لـــە ناوچەی کوردستاندا بە گشتی‌و لە پارێزگای سلیمانی بە تایبەتی بۆ ئەوەی لـــەو باخچەیەدا بڕوێنرێن‌و نموونەی هەمە جۆر رەگـــەزی رووەك‌و درەخت بۆ ئەم مەبەســـتە کۆکراونەتەو ، سەرەرای ئەوە دەویستری تاقی‌کردنەوەیەکی تریش بکرێت‌و بۆ ئەم مەبەستە داوا کراوە (١٥٠) نموونـــەی رووەك‌و درەختی هەمە چەشنە لە وڵاتانی حەوزی دەریای سپی ناوەراستەوە بهێنرێ‌و لـــەم باخچەیەدا بڕوێنـــرێن ، دوای ئەوەی تاقی‌کردنەوەی زانستی رووەك‌و دارستانەکان ســـاغی کردۆتەوە توانای ژیانیان‌و لەم ناوچەیەدا هەیە ••

هەر لـــە باخی بەختیاریدا پانایی (٣) دۆنم تەرخان‌کراوە بۆ بەرهەم هێنانی شـــەتڵی درەخت‌و گـــوڵ‌و گوڵزاری رازاندنەوە ، مەبەست لەم کارە ئەوەیە قوتابیانی کولیجـــی کشتوکاڵ لە زانکوی سلیمانی لە رووی زانستی‌یەوە سوودی لێ وەربگـــرن ، سەرەرای راهێنانیان بـــە کاری چاندنو پەروەردەکردنی رووەك ، هەر لـــەو شوێنەدا رووەکی دایکە « مەبەست ئەو رووەکانەیە لە ئەسڵا رووەکی ناوچەکـــەنو کەمتر لە شوێنی تر دەروێت » بـــە رێگای قەڵـــەمو تۆو دەروێنرێن تا بنکە بێ بـــۆ پاراستنو زیادکردنیـــان ، دوکتور رەسول جۆرە گوڵێکی لە باخچەکەدا پیشان‌داین کـــە لای خۆمان گوڵـــە زەردەی پێ دەوترێت‌و ناوەزانستی‌یەکـــەی ئەم جۆرە گوڵە تەنیا لە ناوچەی کوردستاندا دەروێت‌و بە هوی قەڵەمو تۆوە دەتوانرێت زیـــاد بکرێت •

تاقی کردنەوەیەك بـــۆ سوودی پێشکەوتنی بزوتنـــەوەی پیشەسازی لە وڵاتەکەماندا

دوکتور رسول حمـــزە پێی وتین :

ـ بە پێی ئەوەی وڵاتەکەمان بەرەو پێشکەوتنی بزوتنـــەوەی پیشەسازی مـــل دەنێ ، وەك پیشەسازی دروست کـــردنی تەختە بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئیستا ئێمە خەریکین بەراوردی جۆرەکانی داری گەورە بکەین تا بزانین کامیان باشتر لـــە ناوچەکەدا دەروێن‌و زیـــادیش دەکەن ، بە تایبـــەتی جۆری « قەوەخ »چنار ، ئیستا ئێمە نزیکەی (٣٠) جۆرمـــان رووواندوەو بە شـــێوەیەکی زانستی بایەخ بـــە پەروەردەکردنیان دەدەین ، تا بزانیـــن سەرکەوتوترین جۆریان بـــۆ ناوچەکە کامەیانەو تا بتوانین بۆ پیشەسازی کاغەزو سـلی لۆز سوودیان لێ وەربگرین •

پەراوێز

بۆ بەرچاوی فرۆشگای سلیمانی

زۆر شتومەك ، لە پێویستی رۆژانەی ژیانی خەڵکی کـــە بۆ فرۆشگای سلیمانی دێت ، هەر ئەو رۆژە نامێنێ ، سەیر ئەوەیە ، زوربەی زۆری خەڵك دەستیان ناکەوێت ، بەڵام بۆ سبەینی بە دەست منداڵـــە وردەوە دەبێنرێ‌و بە نرخێکی گران بە خەڵکی دەفرۆشنەوە ، لەم شتانە بە لاتانەوە ســـەیر نەبێ « بیرە »و « جگەرە » بە سنوق لای منـــاڵان بەنرخی سەیر دەفرۆشرێ ، خـــەڵك هەقی خۆیانە بپرسن ئـــەم منداڵانە ، چۆن ئەم هەمـــوو شتەیان لە فرۆشگا دەســـت دەکەوێت‌و بە ئاســـانی بە نرخی‌گران دەیفرۆشنەوە بـــە خـــەڵکی ؟! ئایا لێپرسراوانی فرۆشگای سلیمانی وەڵامی ئەم پرسیارەیان لا دەســـت دەکەوێت ••• ؟ چاوەڕێین !!

پێنوس

جیهانی منداڵ

گۆڤارەکەی مسۆگەر بکات •• هاورێ‌کانی زۆریـــان خۆش دەویست چونکا هەمیشە دەم بەپێ کەنین‌و قسە خۆش بوو • هەرگیز لە قسەی دایك‌و باوکی دەر نەئەچوو پێیان دەووت :

ـ کورم لە کوڵانو ســـەر شەقامەکان یاری مەکەو لەسەر دیوارو دەرگایی ماڵێ خەڵکی بە تەباشیر مەنووسە •

هەموو رۆژێ وانەکانی باش ئامادە دەکردو ئەرکی ســـەر شانی بە جێ دەگەیاندو کرد‌بوشیە پیشە ، بەیانیان زوو لە خەو هەڵ دەستاو دەم‌و چاوی پاك پاك دەشوردو ، دوایی نان خواردن بـــە هێمینی‌و زوو خۆشیەوە بـــۆ قوتابخانە ئەرۆیشت •

لە کاتی چوونی بـــۆ قوتابخانەش هەمیشە بەســـەر شۆستەکەدا ئەرۆیشـــت‌و نەئەچووە ناو شەقامەکانەوە • نەوەکو ئۆتۆمبێلێك لـــێی بدات ••• بەیانیەك لە رێگا

●چیرۆك بۆمناڵان ●

ئازاد ، منالێکی زیـــرەك‌و هوشیار بوو ، لە قوتابخانەدا دەیخوێند • رۆژانەکەی تەنها ١٥ فلس بوو ، کەچی هەموو رۆژێ (٥) فلسی لـــێ پاشەکەوت ئەکردو ئەیخســـتە ناو دەخیلە بچکۆلانەکەیەوە •• بۆ ئەوەی پارە بۆ کرینـــی

مناڵە ئازیزەکان :

ئەوا پشوی هاوین دەستی پێ‌کرد ، پیرۆزبایی لەو مناڵە ئازیزانە دەکەین زیرەك چالاك بوون‌و پلەی باشیان بە دەست هیناو ئەمسال بە سەرکەوتویی قوتابخانەیان بڕی ، لە پشوی هاوینیشدا ، هیوا دارین شادمان بن‌و گەران‌و سەیرانی خۆش‌و پشو ، خۆ ئامـــادە کردنی دەرونی بێت بـــۆ پێشوازی ساڵی خوێنـــدنی تازە ، گۆشەی « جیهـــانی منـــاڵان »ی رۆژنـــامەی « هاوکاری » شـــادی‌و بەختیاریتان دەخوازێ‌و هـــەر بژین •

ئازاد و کۆدەوەکانی

تووشنی قوتابیەکی بچکۆلانەی وەکو خۆی بوو قاچی لە جادەکە گیر کردبووو ئەگریا ، ئازاد رووی تێ کردو ووتی :

ـ ئەوە بـــۆ دەگریت •• رەنگبێ هاورێ کانت بەجێیان هێشتبی •• دەوەرە لەگەڵ من باپێـــکەوە برۆین •• درەنگە نەوەك زەنگ لێ بدات •

قوتابیـــە بچکۆلانەکەش بەدەم هەنسکی گریانـــەوە ووتی :

ـ نا •• بۆ ئەوە ناگریم تۆ برۆ من ناوترم بێم بۆ مەکتەب قەڵەمەکەم لێ وون بووە •

کە ئازاد ئەمەی زانی ، لە دڵێ خـــۆی دا بیری کردەوەو ووتی :

ـ وا چاکە من ئەمڕۆ هیچ نەکرم‌و بەرۆژانەکەی خـــۆم قەڵەمێك بۆ ئەم قوتابیـــە بکرم ، بالەوانەکانی دوانەکەوێت •

لە بەر ئەوە گورج دەســـتی قوتابیەکەی گرتوو ، چـــووە دوکانەکەی ئەو بەرو قەڵەمێکی بە رۆژانەکەی خۆی بۆ کڕی‌و بەبەکەوە دوو بەدوو رۆیشتن بۆ قوتابخانە •

ابراهیم عزیز

بو زاخاوی میشك

ئازاد مەحمود ئامادەی کردوە

ئەمڕۆ لەگەڵ بابەتێکی ترداخۆتان خەریك بکەن‌و ئاســـتی زانیاریتان ئاقی بکەنـــەوەو ئەگەر نەشت‌توانی بپرسە یان دەربارەی بخوێنەرەوە ••

بابەتەکەش هەڵبـــژاردنی وەڵامی راستە بۆ ئەو پرسیارا‌نەی دانراوە •• وەڵامەکـــەش یەکێکە لە ووشەکانی کەوانەکەی دوای پرسیارەکـــەوە •• وانە یەکێك لەو سێ ووشەیەی کە لـــە ناو کەوانەکەدایە هەڵدەبژێریت‌و دەیکەیتـــە وەڵامی پرسیارەکەت • لا

پرسیارەکان :

١ ـ دوو ئەوەندەی (٩) گەورەترە لە (چوار ئەوەندەی چوار ، پێنج ئەوەندەی پێنج ، شەش ئەوەندەی شەش) •

٢ ـ رۆژنامەی (هاوکاری) رۆژنامەیەکی (رۆژانەیـــە ، هەفتانەیە ، مانگانەیە) •

٣ ـ بەرزترین چیایە لـــە عێراق دا (گۆیژە ، قەندیل ، حەسارۆست) •

٤ ـ ســـاڵێك ژمارەی رۆژەکـــانی (٣٦٤ ، ٣٦٥ ، ٣٦٦)ە •

٥ ـ ژمـــارەی پاریزگاکانی عێراق (١٦ ، ١٧ ، ١٨)ە یە

٦ ـ ســـلێمانی ناوبانگی‌دەرکردووە بە (قەڵا ، گەنم ، توتن) •

٧ ـ ژمارەی خولەکـــەکانی‌دوو سەعات (١٢٠ ، ٢٢٠ ، ٣٢٠)ە •

٨ ـ پلەی گەرمی ئاسایی‌لەشـــی مرۆڤ (٣٦ ، ٣٧ ، ٣٨)ە •

٩ ـ ژمـــارەی جارەکانی‌لێدانی دڵ لـــە خولەکێك‌دا « ٧٢ ، ٧٣ ، ٧٦ » •

١٠ ـ ژمارەی رۆژنامـــەکوردیەکانی عێـــراق « ٣ ، ٤ ، ٥ » •

قارەمان حیدر — نیشتمان اسماعیل — گۆران اسماعیل — ریاض فرنسیس — نسرین قاسم — ئاسو عبدالله — جبرائیل فرنسیس — نەرگس یونس — جوان یونس — سامي فرنسیس — نجلاء یونس

ڕێ ڕەو

بۆ ئەوەی بتوانی سەرکردایەتی بکەی ، دەبێ ، ئەوانەی سەرکردایەتی‌یان دەکەی ، باوەڕیـــان بەوە هەبێ کەتۆ دادپەروەری تەنانەت ئەگـــەر ، لەکاتی پێویستدا دڵڕەقیش بیت •

هاوڕێ صدام حسین

ڕێکخستنی: عبدالقادر علـــی مردان

تیپی مۆســـیقای « مەولەوی » لە سلێمانی

لـــەم دواییەدا ، وەزارەتی‌ڕۆشنبیری‌و هونەر بەرەسمی ماوەی ئیش‌کردنی‌دا بە تیپـــی‌مۆسیقای « مەولەوی » لـــە سلیمانی ، ئەم تیپە بریتی‌یە لە(٢٢) ئەندام کە ١٢یـــان موسیقا ژەنن‌و هەشـــتیان گۆرانی بێژن •

ئەوەی شایانی باسە ئـــەم تیپە لەم دواییەدا چـــەندان چالاکی هونەری موســـیقاو گۆرانی تواندوەو بەشـــداری گـــەلێ ئاهەنگ‌و میهرەجانی‌هونەری‌کـــردوەو دوای وەرگرتنی ئیجازەکە شـــی چاوەرێ دەکرێ چالاکیەکانی فراوانتر بکات •

پیرۆزبایی لە هونەرمەندانی تیپی « مەولەوی » دەکەیـــن‌و هیوادارین دەوری دڵسۆزانەیان لە پێشخستنی هونـــەری گۆرانی‌و مۆسیقای کوردیـــداو بەهاوکاری لەگەڵ تیپـــە هونەری‌یەکانی تردا دیاربێت •

گۆڤاری « بەیـــان »



ژمارە (٤٩)ی گۆڤـــاری « بەیان » ، کـــە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتیەو دەزگای رۆشـــنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات ، کەوتە بازارەوە ، لەم ژمارەیەدا کـــە (١٣) هەزار دانـــەی لێ چاپکراوە ، گەلێـــك باسی ووتاری رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و شیعرو چیرۆك بڵاوکراوەتەوە بە پێنوسی ژمارەیەك لـــە نووسەرو رۆشنبیرانی کورد ، لـــە نووسراوەکانی ئـــەم ژمارەیە :

قەڵاچوکردنی نەخوێنـــەواری ، زانســـتە رۆشنبیری‌و چەك دانان ، لـــەو شیعرەوە هەنگاوێك بەرەو رەسەنایەتی ، لێکۆڵینەوەی شانۆگەری‌و زۆر باس‌و وتاری بەکەڵکی‌تر •

ژمارەی ئەمجارەی گۆڤـــاری « بەیان » ژمارەیەکی سەرکەوتوی تری ئـــەم گۆڤارەیەوە هەنگاوێکە بەرەو پێشـــەوە بردنی رۆژنامەگەری کوردی بە تەقەڵـــای دەزگای رۆشنبیری کوردی •

چاپکراوی نوێ

رۆشنبیری نـــوێ

دیسان ، ژمـــارە ٦٧ی گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) کە دزگای رۆشـــنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کـــوردی دەری دەکات ، دەرچو ، ئەم ژمارەیە کە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیە بە چاپی ئۆفسیت دەرچـــوە ، گەلێك باس‌و وتـــاری رۆشنبیری‌و لێکۆڵینـــەوەی زانستی تیا بڵاوکراوەتەوە •

لە وتارەکانی ئەم ژمارەیە : ٧ی نیسان لـــە یادی ٣١ ساڵەیدا ، هەرەوەزی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری ، باس‌و نوسراوی فەلسەفی ، شیعرو لێکۆڵینەوە • لە پاڵ بەرگێکی رازاوەو رەنگاورەنگدا •

Institut Kurde de Paris